Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/١٠,٢٤٢٧١/ARN.٢٠٢٥,٠١-٠١-٢٨

# هونەری گفتوگۆ لە ڕۆمانی (کەشتیی فریشتەکان)ی بەختیار عەلی-دا
## (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە تێزی دکتۆرا)

کۆیان هەژار عەلی[١]، عطا ڕەشید حسێن[٢]

١- بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان
٢- بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان.

**Article Info**

| | |
|---|---|
| **Received:** | June, ٢٠٢٥ |
| **Accepted:** | July, ٢٠٢٥ |
| **Published:** | Agust, ٢٠٢٥ |

**Keywords**

گفتوگۆ, ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ، بێدەنگ.

**Corresponding Author**

Koyan.Hazhar@garmian.edu.krd
atta.husain@univsul.edu.iq

**پوختە:**

گفتوگۆ وەک پرۆسەیەکی پەیوەندی کردن وەک چۆن ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا دەبینێت و دەبێتە هۆی مانەوە و بەردەوامی دان بە پەیوەندییەکان، لە هەمان کاتیشدا ڕەگەزێکی گرنگی بونیادنانی دەقی ئەدەبییە، جگە لەوەی گفتوگۆ واقیعیەتێک بە بەرهەمی ئەدەبی دەبەخشێت هۆکارێکیشە بۆ ئەوەی کەسایەتییەکان واقعی نیشان بدات. لەبەر ئەوەی هونەری گفتوگۆ ڕۆڵێکی گرنگی لە بنیاتنانی دەق گێڕانەوەبەندیدا هەیە، بەتایبەتی لە دەقی ڕۆماندا، بەوپێیەی کە بەشداریی لە ناساندنی کارەکتەردا دەکات لەڕووی دەرخستنی تایبەتمەندییە جەستەیی، دەروونی و هەروەها ڕەفتار و باری کۆمەڵایەتیان نیشان دەدات. بە واتایەکی دیکە نووسەر لە ڕێی دیالۆگەوە دەتوانێت سەرجەم بارە دەروونی و هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکری و ئاینیی کارەکتەرمان پێ بناسێنێت. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە جۆرەکانی گفتوگۆ لە ڕۆمانی کەشتیی فریشتەکانی بەختیار عەلیدا لێکبدرێتەوە و جۆری گفتوگۆی کارەکتەرەکان دەستنیشان بکرێن، چونکە گفتوگۆ یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکی و بنچینەییەکانی چنینی ڕووداوەکان لە ڕۆماندا.ئەنجامی توێژینەوەکە دەری دەخات، نووسەر لەپێناو بەرهەمهێنانی دەقێکی ئەدەبیی بەرزدا، سوود لە هەرسێ جۆرەکەی گفتوگۆ (ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ، بێدەنگ) وەردەگرێت، تا لەو ڕێگەوە پەیامی خۆی بە خوێنەر بگەیەنێت.

**پێشەکی:**

ڕۆڵ و گرنگی گفتوگۆ لە بنیاتنانی دەقی ئەدەبیدا وای کردووە ڕۆماننووسان نەتوانن ڕەگەزێکی وەها گرنگ و کاریگەر پشتگوێ بخەن، چونکە لەم ڕێگەیەوە پەیام و مەبەستی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەیان لە ڕێگەی کەسایەتیەکانەوە بە شێوازێکی ئیستاتیکی و سەرنجراکێش بۆ خوێنەران ئاشکرا دەکەن و دەخەنەڕوو. ڕۆمانی (کەشتیی فریشتەکان) کە گێڕانەوەی کۆمەڵێک ڕووداو بەسەرهاتی مێژووی گەلی کوردە، ڕۆماننووس (بەختیار عەلی) توانیویەتی بە شێوازێکی هونەری ئەو ڕووداوە واقیعیانە ئاوێتەی خەیاڵ و ئەندێشەی خۆی بکات و لە سێ بەرگدا پێشکەشی خوێنەرانی بکات.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

بە شێوەکی گشتی تائێستا لە ڕووی ئەکادیمییەوە توێژینەوە لە ڕۆمانی (کەشتیی فریشتەکان)ی (بەختیار عەلی) نەکراوە، کە تایبەت بێت بە خستنەڕووی شێوازەکانی گفتوگۆ لە ڕۆمانەکەدا، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی جۆرەکانی گفتوگۆ لەم دەقەدا، هەر ئەمەش بووەتە هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی جۆرەکانی گفتوگۆیە، کە ڕۆماننووس (بەختیار عەلی) لەم ڕۆمانەدا پەیرەوی کردووە.

**سنوری توێژینەوەکە:**

لە بەرەوەی ئەم بابەتە توێژینەوەیەکی هەڵهێنجراوی تێزی دکتۆرایە، سنووری باسەکەمان بەرگی یەکەم و دووەمی ڕۆمانی (کەشتیی فریشتەکان)ی (بەختیار عەلی)یە.

**میتۆدی توێژینەوە:**

بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی _ شیکاری پەیرەو کراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوە:**

پێکهاتەی توێژینەوەکە دوو بەش لەخۆدەگرێت، لە بەشی یەکەمدا هەوڵدراوە لەڕووی تیۆرییەوە ئاوڕ بدرێتەوە لە کۆمەڵێك بابەتی وەك (چەمك و پێناسەی گفتوگۆ، ئەرکەکانی گفتوگۆ، جۆرەکانی گفتوگۆ).

هەروەها لە بەشی دووەمیشدا هەوڵ دراوە لەڕووی پراکتیکییەوە نموونەی جۆرەکانی گفتوگۆ لە دووبەرگی یەکەم و دووەمی دەقی ڕۆمانەکەدا شی بکرێنەوە و ڕوونکردنەوەیان لەبارەوە بدرێت.

لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەمان خستووەتە ڕوو، کە لە دووتوێی ئەم توێژینەوەیەدا پێی گەیشتووین، لەگەڵ دانانی لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی.

**توێژینەوەکانی پێشوو:**

ئەگەرچی تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەک سەبارەت بە جۆرەکانی گفتوگۆ لە ڕۆمانی (کەشتیی فریشتەکان)ی (بەختیار عەلی)دا ئەنجام نەدراوە، بەڵام کۆمەڵێک توێژینەوەی سەبارەت بە گفتوگۆ لە ڕۆمانەکانیتردا ئەنجام دراون، کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

١. تەکنیکی دیالۆگ لە ڕوومانی (ئاگری بن کا)ی سەعید ناکام دا،توێژەر: ژوان عبدالسلام عەزیز.
٢. گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجی خوارووا(١٩٩١_٢٠٠٣)، توێژەران: د. فازیل مەجید مەحمود ، د. جەلال ئەنوەر سەعید.
٣. دیالۆگ لە ڕۆمانی (ئەلوەن)ی ئەحلام مەنسووردا، توێژەر: د. دیارفائق مەجید.
٤. ڕۆلێ دیالۆگا دەرەکیا نەڕاستەوخۆ د داستانا (زەمبیلفرۆش) یا (فەقێ تەیران) دا، توێژەران: سۆلین حسنی ڕشید ، نوزت احمدعثمان

# بەشی یەکەم

# لایەنی تیۆریی توێژینەوەکە

## یەکەم/ چەمك و پێناسەی هونەری گفتوگۆ:

گفتوگۆ، یان (دیالۆگ) لە ڕۆمان، چیرۆک، فیلم و شانۆنامەدا بریتییە لە: گفتوگۆی کەسایەتییەکانی. گفتوگۆ وەک یەکێک لە ڕەگەزە گرنگ و سەرەکییەکان گرنگی و بایەخی خۆی هەیە لە بنیاتنانی دەق ڕۆماندا. هەروەها یارمەتیی نووسەر دەدات لە بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا و لە ڕێگەیەوە پەیامی دەقەکە دەخاتەڕوو. زاراوەی (Dialogue) دیالۆگ لە دوو برگە پێکهاتووە برگەی (( Dia دیا ) لەگەڵ برگەی (logue لۆگ). برگەی (دیا)، واتای دوو کەس یان دوو قوڵ دەگەیەنێت و (لۆگ)یش گفتوگۆ، یان دەمەتەقێ، واتە ئاخاوتنی نێوان دوو کەس یان پتر لە دووان.))(سالار: ٢٠٠٨ : ٣٨) بەم پێیەش دیالۆگ بریتییە لەو ئاخاوتن و دەمەتەقیانەی، کە نێوان دووکەس، یان زیاتردا لەژیانی ڕۆژانەدا ڕوودەدات. گفتوگۆ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دەقی ڕۆماندا، بەتایبەتیش لە ناساندنی کەسایەتییەکاندا، چونکە کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکە بە خوێنەر دەناسێنێت و تایبەتمەندییە جەستەیی، دەروونی، ڕەفتاری و کۆمەڵایەتییەکانیان نیشان دەدات((نووسەر لە ڕێی دیالۆگەوە دەتوانێت باری دەروونی و هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکری و ئایینی کارەکتەرمان پێ بناسێنێت.))(ئەلوەنی، ٢٠٠٦: ١٥).

بە واتایەکی تر زۆر جار لە ڕێی گفتوگۆ و زمانی کەسایەتییەکانەوە ئاستی ڕۆشنبیری و ڕەفتاری ئەوکەسایەتیەمان بۆ دەردەکەوێت لەبەر ئەوەی (کارەکتەرەکان لە ڕۆماندا لە ڕووی پێکهاتەی ڕۆشنبیری و میزاجەوە جیاواز و جۆراوجۆرن، دەبێت ئەو جیاوازبوونە لە زمانی ڕۆمانەکەدا

ڕەنگانەوەی هەبێت، واتە ئێمە لەڕێی زمانەوە گوفتار و کردارەکانی کارەکتەرەکان دەبینین، لەبەر ئەوە هەر کارەکتەرە و شێوازی قسەکردن و ڕەفتاری خۆی هەیە و ئەگەر بە بڕێکی کەمیش بێت لە دید و هەڵوێستدا جیاوازییان هەیە)(حسن، صالح: ٢٠٢٢: ٤٩). وەک دەبینین، گفتوگۆکان دەتوانن تایبەتمەندیی کەسایەتییەکانمان بۆ دەربخەن، وەکو ئەوەی بەسۆز و میهرەبانە، یاخود کەسایەتییەکی شەڕەنگێز و دڵڕەق و بێ بەزەییان هەیە. هەروەها لەبەر ئەوەی مەبەستی هەر نووسەرێک لە نووسینی بەرهەمێکی ئەدەبی چیرۆک، یاخود ڕۆماندا ئەوەیە، کاتێک خوێنەرێک بەرهەمەکەی دەخوێنێتەوە هەست بەوەبکات لەگەڵ واقیعدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە نووسەر گرنگی بە ڕەگەزی گفتوگۆ بدات، لەم ڕووەشەوە (یونسی) دەڵێت: ((لەڕووی ئەدەبییەوە چیرۆکێک، کە گفتوگۆی تێدا نییە لەگەڵ واقیعی ژیاندا ناگونجێت، مەگەر بە شێوەیەکی زۆر نائاسایی نووسرابێت.))(یونسی، ٢٥٣- ٢٥٤) هەروەها جگە لەوەی گفتوگۆ واقیعییەت بە بەرهەمی ئەدەبی دەبەخشێت، هۆکارێکیشە بۆئەوەی کەسایەتییەکان واقیعی نیشان بدات، چونکە بەشێکە لە ژیانی کەسایەتییەکان ((لەم ڕووەوە دەتوانرێت بگوترێت گرنگترین هۆکار، کە کەسایەتییەکانی چیرۆک بە واقیعی نیشان دەدات بریتییە لە گونجانی قسەکانیان لەگەڵ کەسایەتییاندا. لەبەر ئەمەش نووسەر لە خستنەڕووی گفتوگۆکانی ڕۆماندا گرنگی دەدات بە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە و دەربڕین، هەروەها ئاوازی دەربڕینی وشەکان و جاری وا هەیە گرنگی بە شێوەزارەکانی تریش دەدات. هەروەها هەوڵدەدات لەڕێی هەڵبژاردنی سەرچاوە و کەرەستەی دەوڵەمەندەوە لە گفتوگۆکانی خۆیدا، وێنەی کەسایەتییە ڕاستەقینەکان لەنێو بەرهەمەکەیدا لەڕێگەی وتەکانیانەوە بکێشێت.))(سعیدی و شکری: ١٣٩٦: ٦٢) لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت نووسەر هەوڵبدات لە گفتوگۆکاندا دەسەڵات و دەنگی خۆی کەم بکاتەوە، بۆئەوەی بوار بۆ کەسایەتییەکان بڕەخسێنێت خۆیان گوزارشت لە بیروبۆچوونەکانیان بکەن، تا کارەکتەرەکان ناسنامەی خۆیان لە دەست نەدەن و هاوشێوە یەکتری دەرنەکەون, ((گەورەترین و پرکێشەترین هەڵەی دەرکەوتنی نووسەر لە (دیمەنی گفتوگۆیی)دا لەوەدا ڕەنگ دەداتەوە، کە کارەکتەرەکانی ڕۆمان زۆرجار هاوشێوەی یەکتری دەردەکەون و هەموویان لە یەک ئاستی ڕۆشنبیریدا دەبن، چونکە هەریەکەیان بەشێک لە دەنگ و بیرکردنەوەی ڕۆماننووسیان وەرگرتووە، بەمەش ناسنامەی خۆیان لە دەست دەدەن و دەبن بە کۆپییەکی یەکتری.))(سعید، ٢٠١٣: ٢٥) هەروەک (نەجم ئەڵوەنی) دەڵێت: ((زمانی گێڕانەوە زمانی نووسەرە، کەچی زمانی دیالۆگ زمانی کارەکتەرەکانە.))(جەمیل، ٢٠٢١: ٢٧٥) کەواتە بۆئەوەی وەرگر درک بە جیاوازیی نێوان زمانی نووسەرو زمانی کەسایەتییەکان بکات، دەبێت ئازادیی تەواویان بداتێ، تا گوزارشت لە خۆیان بکەن.

## دووەم/ ئەرکەکانی گفتوگۆ:

ئەو ئەرکانەی، کە ڕەگەزی گفتوگۆ لەناو دەقی ڕۆماندا دەیانگێڕێت بریتیین لە:

١. بەچڕیی دروستکردنی کارەکتەر و وەسفکردنی خودی کاراکتەرەکانی ڕۆمان.
٢. بەرەو پێشبردنی ڕووداوەکانی ڕۆمان.
٣. کەم کردنەوەی قورسایی ئەرک.
٤. خستنەڕووی ڕووداوەکانی ڕۆمان.
٥. ڕازاندنەوەی شوێن.
٦. پێدانی زانیاری پێویست بە خوێنەر.(حاجی: ٢٠٠٩: ٢٢١)

## سێیەم/ جۆرەکانی گفتوگۆ

**١/ گفتوگۆی ڕاستەوخۆ:** لەم جۆرە گفتوگۆیەدا کەسایەتییەکان خۆیان ڕاستەوخۆ گفتوگۆکان ئەنجام دەدەن دوور لە دەستوەردانی نووسەر، واتە ڕاستەوخۆ لە کارەکتەرەوە بۆ خوێنەر زانیارییەکان دەگوازرێتەوە. بێگومان ئەمەش، بەربڵاوترین جۆری گفتوگۆیە، هەروەها هەندێک جار کەسایەتییەکان ڕۆڵەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن، واتە قسەکەر دەبێت بیسەر و بەپێچەوانەشەوە، بە واتایەکی تر ((گفتوگۆی ڕاستەوخۆ واتە دوو کەس هەیە، یان زیاتر بە نۆرە بەشداری تێدا دەکەن لە چوارچێوەی دیمەنی نێو چیرۆکەکەدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بە جۆرێک قسەکردن لە کەسایەتی (س) دەگوازرێتەوە بۆ کەسایەتی (ص)، بەم جۆرە کەسایەتی (ص) وەڵام دەداتەوە لە چوارچێوەی بونیادی چیرۆکەکەدا ئەمیش باوترین وبەربڵاوترین جۆری گفتوگۆیە لە ئەدەبی چیرۆکدا.))(عبدالسلام، ١٩٩٩: ٤١) ئەم جۆرە گفتوگۆیە لەڕێگەی جێناوی کەسی یەکەمی تاک (من)، یاخود هەندێک جار وشەی (پرسیم، گوتم) بەکاردەهێنرێت، کە ئەمانە ئاماژەن بەوەی کە گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆیە ((ڕۆماننووس جێناوی کەسی یەکەم یەکەمی تاک (من) بەکاردەهێنێت، چونکە کەسایەتییەکان خۆیان دەدوێن و بۆچوون و هەڵوێستی خۆیان پێشکەش دەکەن، بە تایبەتی لە ڕێی کەسایەتی سەرەکییەوە کاتێ لەگەڵ کەسایەتییەکانی تری ناو ڕۆمانەکە گفتوگۆ دەکەن، ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) بەکار دەهێنێت.))(ئیبراهیم، ٢٠١٥: ١٤) واتە لەم جۆرە گفتوگۆیەدا نووسەر ڕێگە بە کەسایەتییەکان دەدات خۆیان بدوێن و دەربڕی بیر و بۆچوونەکانیان بن. بۆ ئەو مەبەستەش ((نووسەر دەبێت خۆی لەوە بپارێزێت، کە لەجیاتی قارەمانان قسە بکات، چونکە ئەمە لاسەنگی هونەری لێ دەکەوێتەوە، بەڵکو دەبێت جڵەو بۆ قارەمانان شل بکات وەک چۆن خۆیان لەناو کارە هونەرییەکاندا هەن ئاوا قسە و گفتوگۆ بکەن و بەشێوەیەکی ئاسایی گوزارشت لە خۆیان بکەن.))(عارف: ٢٠٠٧: ٦٥)

**٢/ گفتوگۆی ناڕاستەوخۆ:**_لەم جۆرە گفتوگۆیەدا گێڕەرەوە، یاخود نووسەر هەڵدەستێت بە گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکان لەسەر زاری کارەکتەرەکانەوە، لەڕێگەی جێناوی کەسی سێیەمی تاک و کۆ وە((ئەم پرۆسەی گێڕانەوەیەش بە جێناوی کەسی سێیەمی (تاک و کۆ) ئەنجام دەدرێت بە بەکارهێنانی دەستەواژەی (وتی، وتیان و پرسی...) هەندێک جاریش ڕاستەوخۆ ئاماژە بە ناوی کارەکتەرەکان

دەکات.))(خاڵەدیوە، ٢٠١٠: ١٩٨) هەروەها گێڕەرەوە ئەو زانیاری و ڕووداوانەی کە بەلایەوە گرنگن لەسەر زمانی کارەکتەرەکانەوە دەگوازێتەوە بۆ ناو دەقەکە ((ڕۆماننووس هەڵدەستێ بەخستنەڕووی ئەو کردار و گوفتار و ڕەفتارانەی، کە کارەکتەرەکان پێ هەڵساون، بەڵام گێڕەرەوە کامە ڕووداوی بەلاوە گرنگ بێت ئەوەیان دەگێڕێتەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدا گفتوگۆکە وەک خۆی بگوازێتەوە.))(عبدالسلام، ١٩٩٩: ٩١) سەرباری ئەوەش گێڕەرەوە لێرەدا لەدەرەوەی ئەو ڕووداوانەدایە، کە دەیگێڕێتەوە، واتە خۆی بەشداری تێدا نەکردووە، تەنها بۆ ئێمەی دەگوازێتەوە واتە((لە دیالۆگی ناڕاستەوخۆدا کەسێک لە دەرەوەی ڕووداوەکان دیالۆگ پێشکەش دەکات بێ ئەوەی بەشداری تێدا بکات.))(ڕەشید وعثمان، ٢٠٢٣: ٣٧٨) بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین، جیاوازیی نێوان گفتوگۆی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە پلەی یەکەم لە بەکارهێنانی جێناوەکاندایە، کە لە گفتوگۆی ڕاستەوخۆدا جێناوی کەسی یەکەمی تاک (من) بەکار دێت، بەڵام لە گفتوگۆی ناڕاستەوخۆدا جێناوی کەسی سێیەمی تاک و کۆ (ئەو- ئەوان) بەکاردێت. لە گفتوگۆی ڕاستەوخۆدا وەرگر هەست بە دەستوەردانی نووسەر ناکات، بەڵکو هەست دەکات، کە کەسایەتییەکان خۆیان ڕاستەوخۆ دەدوێن و گفتوگۆکان ئەنجام دەدەن، ئەمەش لەڕێگەی هەندێ دەستەواژەی وەک (پرسیم، گوتم، یاخود بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەم)ەوە وەرگرت دەزانێت، کە ئەم گفتوگۆیە ڕاستەوخۆیە.

**٣/ گفتوگۆی بێدەنگ:** وەک بەشێک لە پرۆسەی گێڕانەوە هەندێکجار چەن ساتێکی کورت، یان درێژی بێدەنگی لەمیانەی گفتوگۆی کەسایەتیەکاندا ڕوودەدات، کەخۆی لەکۆمەڵێک وشەو ئاماژە و دەستەواژەدا دەبینێتەوە. جێگەی ئاماژەبۆکردنە ئەم جۆرە گفتوگۆیە زۆر بەکەمی لەلایەن توێژەرانی کوردەوە قسەی لەسەر کراوە، یاخود لە توێژینەوەکانیاندا باسیان کردووە، بەڵام ئەوەی کە لەبەردەستی ئێمەدایە دوو توێژەر باسیان لێوە کردووە، ئەوانیش (د.جەلال ئەنوەر سەعید) لە تێزی دکتۆراکەیدا بە ناونیشانی (گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردی کرمانجی خوارووا) لە ساڵی (٢٠١٠) بە (بێدەنگی لەگفتوگۆدا) ئاماژەی پێ کردووە.(سعید،٢٠١٣: ٤١) هەروەها توێژەر (دیمەن عەبدوڵڵا ساڵح) لە نامەی ماستەرەکەیدا لە ساڵی (٢٠٢٢) بەناونیشانی (شێوازەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی بەختیار عەلی)دا بە(دایالۆگی بێدەنگ) ئاماژەی بەم جۆرە گفتوگۆیە کردووە.(صالح، ٢٠٢٢: ١٢٢) کەواتە گفتوگۆی بێدەنگ ئەوە دەگرێتەوە، کە هەندێک جار بێدەنگی دەکەوێتە نێو گفتوگۆی کەسایەتییەکانەوە ((ئەمەش تەنها بۆ پشوو وەرگرتن و هەناسە هەڵکێشان نییە، بەڵکو ئەمە وەستانێکی بەمەبەستە، کە لە دیمەنەکەدا دێتە نێو گفتوگۆی کەسایەتییەکانەوە، ئەم مەبەستەش ڕۆڵی دەبێت لە ئاراستەکردن و بەردەوامێتی و ئاماژەکانی گفتوگۆکە.))(عبدالسلام، ١٩٩٩: ٥٠) هەر سەبارەت بەم جۆرە گفتوگۆیە، عەبدولڵاسەراج دەڵێت: ((لە دووانەدا، بێدەنگی و.... خاڵبەندی و.... وشەی قرتاو و.... ڕاوەشاندنی دەست و سەر و برۆ، ڕۆڵیان هەیە لە گفتوگۆدا.))(سەڕاج، ٢٠٠٧: ١٨) وەک دەبینین، ئەم جۆرە گفتوگۆیە تەنها لەوەدا خۆی نابینێتەوە، کە یەکێک لە کەسایەتییەکان لە کاتی گفتوگۆدا بێدەنگی هەڵدەبژێرێت، بەڵکو هەندێ جار نیشانەکانی خاڵبەندی و وشە قرتاوەکان و تەنانەت ئاماژە جەستەییەکانی وەکو ڕاوەشاندنی دەست و نیشانەکانی ڕووخسار ڕۆڵیان دەبێت لە دروستبوونی ئەم جۆرە گفتوگۆیەدا. لەو چوارچێوەیەشدا دەکرێت زیاتر ڕۆڵ و شێواز و ڕەنگدانەوەی ئەم جۆرە گفتوگۆیە لە ڕۆماندا بەم شێوەیە بخەینەڕوو:

**شێوازی یەکەم:** هەندێ جار نووسەر یان گێڕەرەوە لە ڕێگەی چەند وشەیەکی وەکو((بێدەنگ و حەپەساو ئاماژە بە بێدەنگی کەسایەتییەکان دەکات لە کاتی گفتوگۆدا.))(عبدالسلام، ١٩٩٩: ٥٢٠

**شێوازی دووەم:** هەر لە درێژەی پرۆسەی گێڕانەوەدا و لە ڕێگەی هەندێ دەستەواژەوە نووسەر، یان گێڕەرەوە ئاماژە بە بێدەنگی کارەکتەرەکان دەکات. بۆ نموونە ((هەندێک جار دووکەسایەتی پێکەوە قسە دەکەن بەڵام کەسایەتیەکیان چەندقسە لەگەڵ ئەوی تر دەکات کەسایەتی دووەم بێدەنگی هەڵدەبژێرێت، بۆیە کەسایەتی یەکەم لە بری کەسایەتی دووەم خۆی جواب دەداتەوەو پاساو بۆ بێدەنگەکەی دەهێنێتەوە.))(سعید،٢٠١٣: ٥٠)

**شێوازی سێیەم:** ئەنجامدانی پەیوەندیی تەلەفۆنیش یەکێکی ترە لەو حاڵەتانەی، ((کە نووسەر لە ڕێگەیەوە گفتوگۆی بێدەنگی نێوان کەسایەتیەکان دەخاتەڕوو، کە هەندێجار گێڕەرەوە قسەی لایەنێک ئاشکرا دەکات و قسەی لایەنەکەیتر بە شارەوەی دەهێڵێتەوە.))(عبدلسلام، ١٩٩٩: ٥٣)

**شێوازی چوارەم:** جۆرێکی دیکەی بێدەنگی, بێدەنگییەکی ناتەواوە، ئەمیش کاتێک دروست دەبێت، کە کارەکتەرێک قسە دەکات، لایەنی بەرامبەر لەبەر هەر هۆیەک بێت قسەکەی پێ دەبڕێت و ناهێڵێت قسەکەی تەواو بکات ((بۆنموونە لەوانەیە لایەنی دووەم پێشوەخت مەبەستی لایەنی یەکەم بزانێت بۆیە بە پێویستی نازانێت قسەکانی تەواو بکات، یان قسەکە لەبەر شەرم و دوودڵی قسەکە بە خۆی دەبڕێت و تەواوی ناکات، بەمەش جۆرێک لە بێدەنگی دروست دەبێت کە دەکرێت بە نیمچە بێدەنگی یان بێدەنگی ناتەواو ناوی ببەین.))(مەحمود وسەعید: ٢٠١٣: ٧٣).

## بەشی دووەم

## بەرجەستەبوونی جۆرەکانی گفتوگۆ لە دەقی ڕۆمانەکەدا

### – بەرجەستەبوونی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لە ڕۆمانەکەدا:

بە خوێندنەوەی وردی ڕۆمانەکە (کەشتیی فریشتەکان)، چەندین نموونەی گفتوگۆی ڕاستەوخۆمان بەرچاو دەکەوێت. بەتایبەتیش لەنێوان (جەنگیز و لیڤیانت)دا، چونکە دوو کەسایەتی سەرەکیین و بەشێکی بەرفراوانی گفتوگۆ ڕاستەوخۆکانیش پەیوەستن بەم دوو کەسایەتییەوە.

یەکێک لەو گفتوگۆیانەش ئەمەیە، کاتێک (وەفای ڕەفعەت بەگ واتە جەنگیز) ڕۆژی یەکەم پەیوەندیی بە شۆڕشەوە دەکات دەینێرن بۆ زیندانی (پسمامان) بۆ ئەوەی ببێت بە یاریدەدەری (لیڤیانت)، کە ئەوکات بەڕێوەبەری زیندانەکەبوو، کاتێکیش (وەفا) دەچێت بۆ زیندانەکە و پاسەوانەکان دەیبەن بۆئەوەی (لیڤیانت) ببینێت، بەڵام لەوکاتەدا لە خەودا دەبێت. دواتر گفتوگۆیەک لە نێوان هەردووکیاندا دروست دەبێت، گێڕەرەوە، کە (وەفا)یە دەڵێت:

**((گووتم: ئێوارەتان باش، جەنابی لیڤیانت.**

**گووتی: ئێوارەت باش.**

**بەدەنگێک وەڵامی دامەوە وەک لەمێژبێت بمناسێت، گووتم: لە بنکەی سەرەکییەوە ناردوویانم تا لێرە ببم بە یاردەدەری تۆ.**

**بە دەنگێکی گڕ و خەواڵوو گووتی: ئاە یاریدەدەر... یاریدەدەر. یاردەدەرێکی ترمان کەم بوو، وا هەست دەکەن هەمووکەس پێویستی بە یاریدەدەرە. ئەگەر یاریدەدەری وەرە ئەسپە نەخۆشەکان بکوژین.**

**وام هەست کرد بەشێکی هۆشی هێشتا هەر لە خەودایە گووتم: من لێرەم بۆ ئەوەی کاروباری زیندانەکەتان لەگەڵدا هەڵسوڕێنم هەر شتێک کە دەشێ بنووسرێت من بینووسم لە وەرگرتنی شەهادەتی زیندانە عەرەبەکاندا کومەکتان بکەم.**

**بەسەرسامییەوە گووتی: زیندانی عەرەب؟ زیندانی عەرەبمان لا نییە.**

**پرسی: تۆ ناوت چییە؟ کێ تۆی ناردووە بۆ لای من؟**

**وەک ئەوەی دیل بم و لە تۆماری زیندان خۆم ناونوسبکەم گووتم: ناوم وەفای ڕەفعەتە... بە وەفای ڕەفعەت بەگ بانگمدەکەن. لە بنکەی حاجی باهیر، پیاوێکی شاڵ لەبەر ناردمی بۆ لای تۆ، شاڵێکی خۆڵەمێشی لەبەردا بوو.**

**بەپەلە خۆی گۆڕی، شەرواڵ و مراخانییەکی ڕەشی لەبەر کرد و گووتی باشە بەخێربێیت))**(عەلی:٢٠٢٤ب١: ٧_٨) وەک دەبینین، لەڕێگەی ئەم گفتوگۆ ڕاستەوخۆیەوە، کە هەندێکیان لە شێوەی پرسیار و وەڵامدایە وەرگر هەندێک زانیاریی لەسەر زاری کەسایەتیەکان خۆیانەوە پێدەگات. هەروەها گفتوگۆکە ڕێگە خۆشکەربووە بۆ ئەوەی کەسایەتییەکان ئازادانە هەڵوێست و بیر و بۆچوونەکانی خۆیان بە یەکتری بگەیەنن، ئەمەش گێڕانەوەکەی بەچێژتر کردووە، چونکە ئەگەر نووسەر خۆی لە بری کەسایەتییەکان قسەبکات و زانیارییەکان بگەیەنێت ئەوا خوێنەر دووچاری جۆرێک لە بێزاری دەبێت، جگەلەمەش گێڕەرەوە لەڕێگەی وەسفکردنی هەسوکەوت و حەڵەتی کەسایەتییەکانەوە ئەو زانیارییەمان پێدەبەخشێت، کە کەسایەتییەکان لە کاتی گفتوگۆکەدا لە جووڵە و هەڵسوکەوتدا بوونە، واتە لەبەرانبەر یەکتری دانەنیشتوون و قسەکانیان بکەن، ( وەک بە دەنگێکی گڕ و خەواڵی، بە پەلە خۆی گۆڕی، پشتێنەکەی بەست)، وەک دەبینین، گێڕەرەوە لەڕێگەی بەکارهێنانی هەریەکە لەو دەربڕین و دەستەواژانەوە گەرموگوڕییەکی زیاتری بەخشیوە بە گفتوگۆکە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا گێڕەرەوە لە درێژەی گێڕانەوەکەدا نموونەیەکی تری گفتوگۆی ڕاستەوخۆی خستۆتەڕوو، ئەویش لە نێوان (جەنگیز) و (مولازم شاناز) دایە. پاش ئەوەی، کە (جەنگیز) لە لایەن حیزبەوە دەستگیر دەکرێت و دەبرێت بۆ (بورج) بۆئەوەی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، گێڕەرەوە بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ ئەو گفتوگۆیەی نێوانیانی خستۆتەڕوو, هەروەکو دەڵێت:

**((مولازم شاناز بە هێمنییەوە گووتی: هەڤاڵ جەنگیز... بەڕێزتان کارمەندی ئاسایشی گشتی بوون و ماوەیەکیش بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی بوون، کەچی ئەمڕۆ لێرە زیندانن.**

**کەمێک خەیاڵاوی و پەشۆکاو گووتم: بەڵێ، بەڵێ... ماوەیەک بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی بووم.**

**جارێکی تر قژی لەسەر دەموچاوی لابردوو وتی: ئێستا تا ماوەیەکی نادیار لێرە دەستبەسەرن تا ناوی هەموو ئەندامانی ڕێکخراوەکەی خۆتان ئاشکرا دەکەن، تا هەموو دۆسیە نهێنییەکان ڕادەست دەکەن.**

**بێ ئەوەی بزانم دەڵێم چی گووتم: بەڵێ بەڵێ، تا ماوەیەکی نادیار لێرە دەستبەسەر دەبم.**

**کچەکە دۆسیەکەی داخست و گووتی: داوای لێبوردن دەکەم تۆ ناتوانیت لە بەشی پێشوازی بمێنیتەوە لەسەر دۆسیەکەت نووسراوە دەبێت بچیتە کتێبخانە. هەڵبەت ئێمە لێرە دیلمان نییە، بەڵکو میوانمان هەیە، ئەوە فەرمانی سەرۆکە، لێرە هیچ کەس بە دیل یان زیندانی یان حەپس ناو نابەین. لە ڕاستیدا تەواوی ئەم میوانخانە گەورەیە کە لە دەرەوە بە زیندانی نهۆمی سی و سێ ناسراوە و ئێمە لێرە بە میوانخانەی نهۆمی سی و سێ ناوی دەبەین، لە چوار بازنەی گەورە پێکدێت... بازنەی یەکەم کە ئێستا من و تۆ لە ناویدا وەستاوین... بازنەیە کە.. کە لە ڕاستی...ی...ی...د...ا..ا.**

**لەو ساتەدا هێدی هێدی دەنگی کزتر و کپتر دەهاتە گوێم، هەستمکرد گێژدەخۆم، بێئەوەی بزانم چییە، ئاگام لە خۆم نەما.))**(عەلی: ٢٠٢٤ب١: ٤٦٩_٤٧٠)

لەڕاستیدا لەڕێگەی ئەم گفتوگۆ ڕاستەوخۆیەوە وەرگر بۆی دەردەکەوێت، کە لە زیندانی بورجدا سەرەتا خانمێک بە ناوی (مولازم شاناز) بەرپرسی دۆسیەکەی (جەنگیز) بووە و زانیاری زۆریشی لەسەر ژیان و ڕابردووی (جەنگیز) هەبووە، کە لە چ پۆست و پلەیەکدا بووە؟ جگە لەوە ئەو زانیارییەش بۆ وەرگر خراوەتەڕوو، کە زیندانی (بورجدا) لە چوار بازنە پێکهاتووە و ئەوان لە بازنەی یەکەمدا بوونە، هەروەها ئەو شوێنەش (جەنگیز)ی لێبووە پێی وتراوە بەشی (پێشوازی) هەروەکو خانمەکە پێی دەڵێت بە داخەوە تۆ لە بەشی (پێشوازی)دا نامێنیتەوەو دەبێت بچیت بۆ (کتێبخانە)، کە لەوێدا بە هیچ کەس ناوترێت زیندانی، بەڵکو هەمووان بە میوان ناو دەبرێن. سەرباری ئەوانەش، گێڕەرەوە بۆ ئەوەی سیمایەکی زیندوو واقعی بە گفتوگۆکە ببەخشێت وشەی کۆتایی کە لە زاری خانمەکەوە هاتۆتە دەرەوە بە شێوەی پچڕ پچڕ

خستویەتیەڕوو، چونکە وەک (جەنگیز) خۆی دەڵێت لەوکاتەدا دەنگەکە بە کپی هاتۆتە گوێم و ئاگام لە خۆم نەبووە و سەرم گێژی خواردووە. بەگشتی گفتوگۆکان ڕووبەرێکی فراوانی گێڕانەوەکەیان گرتۆتەوە، ئەمەش لە پێناو بەخشینی سیمایەکی ئیستاتیکییە بە گێڕانەوەکە و هەروەها دەرخەری ناجێگیری باری دەروونی و تێکچوونی دۆخی تەندووستی کەسایەتییەکەشە.

هەر لە چوارچێوەی گێڕانەوەکەدا نموونەیەکی تری گفتوگۆی ڕاستەوخۆمان بەرچاو دەکەوێت، کە لە نێوان (ڕێزان خان) و (حاجی ئسماعیل)ی باوکیدایە.

(ڕێزان خان) وەک گێڕەرەوەیەک باسی ژیانی خۆی دەکات، کە پێش ئەوەی بینێرن بۆ (شێتخانە) باوکی زۆرجار شەوان دەستی کردۆتە ملی و ئامۆژگاری و دڵنەوایی کردووە، هەر وەکو دەڵێت:

**((باوکم هەر نەیدەویست من بنێرێ بۆ شێتخانە، زۆر شەو دەستی دەکردە ملم و دەگریا. دەیگووت:کچم دەزانم چ کەسێکی ئازا و بەهێزی. دەزانم باشترین ئینسانت لێ دەردەچێت. کچم ڕۆژێکیش یەکێک دێت و دەتخاتە ناو کتێبێکەوە.**

**من دەستم دەکردە ملی باوکم و تۆزێک دەگریام، ئینجا تۆزێک هێمن دەبوومەوە و دەمگووت: بابە چ شێتێک هەیە من بخاتە کتێبەوە. باوەشی پیادەکردم و دەیگووت: با، تۆ نازانیت، ڕۆژێک نووسەرێکی شێت پەیدا دەبێت، کتێبێکی گەورە گەورە دەنووسێت، ئەو کتێبە ناوی کەشتی فریشتەکان دەبێت، ناوی بە ناوی ئەم ماڵەوە دەبێت. بەڵام زۆر باسی تۆدەکات، هەرچی ڕۆژێک شتێکی خراپ لەسەر تۆ گووتراوە، ئەو دەیگۆڕێت، دەیخاتەوە سەر حەقیقەتی خۆی... ڕێزانی مەلەکبین، جوانترین ژن و باشترین ژنی دونیا، ژنێک لە هەموو پیاوەکانی دونیا ئازاتر و گەور زۆرتر.**

**ئەو هەمیشە دڵخۆشی دەکردم، باوکم بە ڕەحمەت بێت بەڕاستی دەیزانی دڵخۆشم بکات.))**(عەلی: ٢٠٢٤ب٢: ٤٥٢) وەرگر لەڕێگەی ئەم گفتوگۆ ڕاستەوخۆیەوە بۆی دەردەکەوێت، وەک چۆن لە واقیعدا هەمیشە باوک پاڵپشت و هاوکار و یارمەتیدەری کچەکانیانن، لێرەشدا گێڕەرەوە هەمان وێنەی باوکی بۆ کچەکەی خستۆتەڕوو. کە (حاجی ئیسماعیل) (ڕێزان)ی کچی زۆر خۆشویستووە و بۆ ئەوەی دڵنەوایی بکات هەمیشە دەستی کردووەتە ملی و پێی وتووە تۆ ژنێکی بەهێزی و باشترین کەست لێ دەردەچێت، تەنانەت ڕۆژێک کەسێک دێت کتێبێکی گەورە دەنووسێت بە ناوی کەشتیی فریشتەکانەوە تێیدا زۆر باسی تۆ دەکات لە هەموو پیاوەکانی دونیا ئازاتر و گەورەتر ناوت دەبات.

هەر لەو چوارچێوەیەدا، گێڕەرەوە ئاماژە بە نموونەیەکیتری تری لەم چەشنە گفتوگۆیە دەکات، کە ئەویش لە نێوان (ماکوان) و (مەهدی دەریایی) باوکی دایە. لەم گفتوگۆیەدا وەرگر بە پێچەوانەی پەیوەندییە پڕ لە سۆز و خۆشەویستییەکەی نێوان (ڕێزان) و باوکی، هەست بە پەیوەندییەکی پڕ لە ڕق و کینەی نێوان کوڕ و باوک ئەکات. ئەگەرچی (مەهدی دەریایی) هیچ کات باوکێکی باش نەبووە بۆ کوڕەکەی، هەر لە منداڵییەوە سووکایەتی پێکردووەو بە شێوازێکی ناشرین و جنێودان قسەی لەگەڵدا کردووە، بەڵام لە شەوێکی باراناویدا دێت لە دەرگای ماڵیان دەداو داوا لە دایکی دەکات (ماکوان) ببینێت. گێڕەرەوە ئەو قسەوباسانەی لەو شەوەدا لەنێوان ئەم باوک کوڕەدا ڕووی داوە، لە گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆدا لەسەر زاری (ماکوان)ەوە دەخاتەڕوو:

**((بۆ یەکەم جار دەستم خستە سەر شانی و گووتم: باوکە چیتە؟ ئەوە یەکەم جار بوو لە ژیانمدا بەو جۆرە دەست بخەمە سەر شانی و هەست بکەم منیش ئینسانێکم وەک خەڵک.**

**هیچی نەگووت، تانەگەیشتینە جێگای خۆی، بە چپەوە پێی گووتم: تۆکوڕی منیت، دەستی لێدام و باوەشی پێدا کردم و گووتی: تۆ کوڕی خۆمیت.**

**بۆنێکی زۆر ناخۆشی لێ دەهات، وەک هەموو ژیانی لە تەوێڵە و گەوڕ و ئەو شوێنانەدا ژیابێت. هیچم نەگووت، بەڵام لام ڕوونبوو ناتوانم بیبەخشم.**

**ئەو شەوە مەهدی بۆ یەکەم جار لە بەردەممدا گریا، لە منداڵییەوە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بووم، دایکم لە منداڵییەوە پێی دەگووتم: هەموو باوکێکی زاڵم ڕۆژێک دێت خودا زەلیلی دەکات و لەبەر دەستی فەرزەندیدا داماودەبێت و دەگری.**

**گوتم: باوە گیان چییتە؟ خۆ نەخۆش نیت. خۆ شتێکت لێ نەقەوماوە... کەس تەعەدای لێ کردوویت؟ کەس دڵی شکاندوویت؟**

**گووتی: لەمڕۆوە من دەبێت ژیانی خۆم بگۆڕم، گووتی: من لە هەموو ژیانمدا تەنیا ئەو کارانەم کردوە کە خودا دەڕەنجێنێت، نە بۆ خۆم باش بووم نە بۆ ژنم نە بۆ ئەولادم. ئێستا کاتێ ئەوە هاتووە بگەڕێمەوە و تۆبەبکەم و بە ڕاستی بکەومە خزمەتی خودا و ببمە ئیماندارێکی دڵسۆز.))**(عەلی: ٢٠٢٤ب٢: ٣٢٢_٣٢٣) . وەک دەبینین، گێڕەرەوە لەڕێگەی ئەم گفتوگۆ ڕاستەوخۆیەوە کۆمەڵێک زانیاریی گرنگی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئەو باوک و کوڕەی خستۆتەڕوو، کە لەم ڕێگەوە وەرگر بۆی دەردەکەوێت (ماکوان) هیچ خۆشەویستییەکی بۆ باوکی نییەو هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە (مەهدی) هەر لە منداڵییەوە هەمیشە سووکایەتی بە ماکوان کردووەو باوکایەتی بۆ نەکردووە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی (ماکوان) هەمیشە ڕقێک بەرامبەر بە باوکی لەدڵیدا بمێنێت و هەر لە منداڵییەوە چاوەڕوانی ئەوە بکات، کە ڕۆژێک بە زەلیلی باوکی ببینێت، جگە لەمەش گێڕەرەوە هەر لەڕێگەی ئەم گفتوگۆیەوە ئەو زانیارییەشی بە وەرگر بەخشیوە، کە (مەهدی) بڕیاری داوە ژیانی خۆی بگۆڕێت و تۆبە بکات و ببێت بە ئیماندارێکی ڕاستەقینە و و چیتر ئەو مرۆڤە خراپە نەبێت.

– **بەرجەستەبوونی گفتوگۆی ناڕاستەوخۆ لە ڕۆمانەکەدا:** ئەم جۆرە گفتوگۆیە پێچەوانەی گفتوگۆی ڕاستەوخۆیە, کە تێیدا وەرگر هەست دەکات گفتوگۆکان لەلایەن گێڕەرەوە، یاخود نووسەرەوە ئەنجام دەدرێن، ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی هەندێک

دەستەواژەی وەک: (وتی، وتیان، پرسی، یاخود بەکارهێنانی جێناوی کەسی سێهەمی تاک و کۆ)، سیمای ناڕاستەوخۆ بە گفتوگۆکە دەبەخشن.

هەر لە چوارچێوەی گفتوگۆدا و بەتایبەتیش گفتوگۆی ناڕاستەوخۆدا چەندین نموونەمان بەرچاو دەکەوێت. گێڕەرەوە ئاماژە بە نموونەیەکی ئەو جۆرە گفتوگۆیە دەکات، ئەویش لە نێوان (نەغەدە ماردینی) و (نزار ئیدریس)دایە, کاتێک بۆ یەکەم جار (نەغەدە) و (نزار) لە ماڵی باوکی دکتۆر (شوکاک)دا بەتەنها هەردووکیان پێکەوە دەبن، ئەوەش لەکاتێکدا (نەغەدە) دەچێت برینەکانی (نزار) پاک بکاتەوە. گێڕەرەوە لەرێگەی گفتوگۆیەکی ناڕاستەوخۆوە ئەو باسوخواسەی کە لەو رۆژەدا لە گفتوگۆیەکی نێوان هەردووکیاندا روویداوەو رێگەخۆشکەر بووە بۆئەوەی دواتر لە یەکتری نزیک ببنەوە بۆ ئێمەی خوێنەر ئاشکرا دەکات. گفتوگۆکە زۆر دووروودرێژە و نزیکەی چوار لاپەڕەی لە رۆمانەکە گرتووەتەوە، لێرەدا پوختەیەکی دەخەینەڕوو:

**((کاتێک نەغەدە لێی نزیکبووەوە تا دەرمانەکانی بۆ دانێت، گووتی: ژنی دکتۆر ببوورە، من بە فیترەت کەسێکی خراپم،... هیوادارم رەفتاری خراپم نەتترسێنێت، دواجار لەبەردەمی ژنی جواندا پێ ئەدەبییکەم لە بری ئەوەی کەم بکات، زۆرتردەبێت.... نازانم تۆ وەک ژنی دکتۆر هیچ چارەیەکت لایە بۆ من؟**

**نەغەدە نەیزانی چی وەڵام بداتەوە، دەرمانەکانی داناو کورسییەکەی راکێشاو بە زەردەخەنەوە گووتی: کێ دەڵێت من دەمەوێت پیاوی بێئەدەب چاک بکەمەوە... ها... کێ دەڵێت؟**

**نا ژنی دکتۆر ببوورە... زۆر لە نزیکمەوەدا مەنیشە، من گووتم، من کەسێکم ئەمانم نییە، گەر ئێستا بریندار نەبوومایە بەس خودا دەیزانی چ بێ عەقڵێکم دەنواند.**

**نەغەدەکەمێک وەستاو دوای کەمێک بیرکردنەوە گووتی:. دواتریش لە سالۆنی عەمەلیاتەکەدا هەرتۆم بینی، لەوێ تۆم تەواو بە رووتی بینی، رووت و قوت.**

**نزار دەستی گرت بە چاوییەوە و گووتی: ژنی جەنابی دکتۆر... وای ژنی جەنابی دکتۆر... دەڵێیت چی، من ئێستا نازانم چی بکەم، شەرمبکەم یان شتێکی تر.))**(عەلی: ٢٠٢٤ب١: ٢٥٢_٢٥٣)

هەر لە درێژەی گفتوگۆکەیاندا (نەغەدە) باسی ماوەی هاوسەرگیریی خۆی و دکتۆر (شوکاک) دەکات، کە ماوەی یانزە مانگە ژنی دکتۆرە و ئەگەرچی چەندین جار داوای لێ کردووە، کە بچێت و نەخۆشخانەکە بەسەربکاتەوە، بەڵام ئەو هیچ کات تاقەت و حەوسەڵەی ئەوەی نەبووە، بەڵام ئەو رۆژە یەکەمجاری بووە سەردانی دکتۆری مێردی کردووە و بەێکەوت ئەمی بینیووە. هەر وەکو دەڵێت:

**((ئەو رۆژە رۆیشتم و تۆم بینی... ئەوەی منی سەرسام کرد بۆنی خوێنەکەت بوو.**

**نزار تا ئەو کات دەستی گرتبوو بە چاوییەوە گووتی: ژنی دکتۆر... ژنی دکتۆر وامەڵێ، وەک قەدەر منی بە تۆ ناساندبێت... وامەڵێ، قەدەر لە شتی خراپ زیاتر هیچ نانێرێت...**

**نەغەدە دەرمانەکانی دەرهێنا و گووتی: ئینجا دەبێت بڵێم تۆ ئیلهامی شیعرێکیشت بە من بەخشی.من هەر تۆم وا بەزامداری بینی شیعرێکم نووسی بە ناوی بۆنی پڵنگی بریندار... تکایە ئەوەندە مەڵێ ژنی دکتۆر، من ناوم نەغەدەیە. کە دەرمانەکانی دانا دەبوو زۆرنزیک بێتەوە،**

**لەو ساتەدا نزار دەستی گرت و بەو خەندەیەوە کە زۆر ژنانی لە خشتەبردبوو پرسی: ئەگەر دکتۆرە بەستەزمانەکەی مێردت بزانێت من غەزەلبازیت لەگەڵ دەکەم دەڵێت چی؟**

**نەغەدە بە هێمنی دەستی کێشایەوە و گووتی: دکتۆر بەستەزمانەکەی مێردم قەت نازانێت تۆ غەزلبازیم لەگەڵ دەکەیت، ئەگەر خۆم پێی نەڵێم.**

**ئەی ئەگەر من زۆر غەزەلبازی بکەم بە دکتۆری مێردت دەڵێیت؟**

**نەغەدە بە هێمنی تۆزێ خۆی دوورخستەوە و گووتی: پرسیاری وا مەکە.))**(عەلی:٢٠٢٤ب١: ٢٥٣_٢٥٤) لەرێگەی ئەم گفتوگۆ دوورودرێژەوە، کە هەندێکیان بە چەندین رستەی درێژ و هەندێکیشی بە رستەی کورت دەربانبڕیوە، وەرگر لەوە تێدەگات، کە ئەم گفتوگۆیە سەرەتایەک بووە بۆ ئەوەی هەردووکیان ناڕاستەوخۆ یەکتری تێبگەیەنن، کە دەتوانن لە یەکتری نزیک ببنەوەو غەزەلبازی بکەن، جگە لەوەش (نەغەدە) پێی خۆش نەبوە بەناوی ژنی دکتۆرەوە بانگی بکات بۆیە پێی دەڵێت ئەوەندە مەڵێ ژنی دکتۆر. هەروەها گێڕەرەوە جگە لە وشە و رستەکان سوودی لە هەندێک جووڵە و ئاماژەکانی روخساریشیان وەرگرتووە بۆ ئەوەی زیندوویەتییەکی زیاتر بە گفتوگۆکە ببەخشێت و گفتوگۆیەکی وشک نەبێت، کە خوێنەر لێی بێزاربێت. سەرباری ئەوانەش گفتوگۆکان رێگە خۆشکەرن بۆئەوەی خۆیان مەبەستەکانیان بۆ خوێنەر ئاشکرا بکەن، نەک نووسەر لەجیاتی ئەوان بدوێت.

هەر لە درێژەی زیاتری خستنەڕووی گفتوگۆی ناڕاستەوخۆدا گێڕەرەوە نموونەیەکی تری لەم جۆرە گفتوگۆیەی خستۆتەڕوو، کە لەنێوان کەسایەتییەکی ئاسایی و کەسایەتیی فانتازیدایە ئەوانیش (بولبولیار) و (میرائیلی فریشتە)یە. (بولبولیار) لە (کەشتیی فریشتەکان)دا خزمەتێکی زۆر بە فریشتەکان دەکات و چیرۆکیان بۆ دەخوێنێتەوە، کە تێیدا فریشتەکانخۆیان دەکات بە پاڵەوان و چیرۆکی خەیاڵی و ژیانی خەیاڵییان بۆ دەخولقێنێت، بۆ ئەوەی ئومێدیان بە ژیان بمێنێت و زوونەمرن، بەڵام میرائیل، چەنکە فریشتەیەکی رەشبین بوو ئومێدێکی بە ژیانکردن لە دەرەوەی مرۆڤ نەمابوو، پێی وا بوو ئەم هەوڵەی ئەوان هیچ سوودێکی نییە. هەروەکو گێڕەرەوە دەڵێت:

**((میرائیل دەیگووت: فریشتەکان بۆ ئەوە دێنە دەرێ بمرن، ئەم ژیانەی ئێمە لێرەدا دەژین ژیانێکی دەستکردە، ژیانێکی درۆزنە... کەشتیی فریشتەکان هیچ نییە جگە لە درۆیەکی گەورە. زۆرجار دکتۆر شوکاک بە زۆر هەناسەمان پێدەدا، ئێمە بۆیە دێینە دەرێ و دەترازێین، چونکە ئارەزووی ڕاستەقینەی ژیانمان نەماوە.**

**بولبولیار بە غەمگینی گووتی: پێتوایە چیرۆکەکان کاریگەریان نییە، پێتوایە هەوڵی ئێمە بۆ زیندەگی و مانەوەتان بێسوودە.**

**میرائیل گووتی: ژیانی ئێمە لەگەڵ مرۆڤدایە، لە دەرەوەی مرۆڤ فریشتە نرخێکی نامێنێ. نە مرۆڤ بێ فریشتە مرۆڤە و نە فریشتەکانیش بێ مرۆڤ فریشتەن.**

**بولبولیار بە حەسرەتێکەوە گووتی: فریشتەکان نیشانەن بۆ شتێک کە دەبێت بژی. ئێوە لەناو ئێمەدا بن، یان لە دەرەوە، دەبێت هەبن.**

**میرائیل فریشتەیەکی ڕەشبین، گووتی: دەشێت ئەم ژیانە دەستکردە، نرخێکی بۆ ئێوەی ئادەمیزاد هەبێت. بەڵام ئێمە لای مرۆڤ بوونمان نییە.))**(عەلی: ٢٠٢٤ب١: ٦٥٢_٦٥٣).

وەک دەبینین، گێڕەرەوە لەڕێگەی ئەم گفتوگۆ ناڕاستەوخۆیەوە، سەربارى ئەوەی چێژێکی زیاتری بە گێڕانەوەکە بەخشیوە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئازادی داوە بە کەسایەتییەکان بۆ ئەوەی لە زاری خۆیانەوە زانیارییەکان بە وەرگر بگەیەنن. لەم ڕێگەیەشەوە وەرگر بۆی دەردەکەوێت، کە فریشتەکان بۆ ئەوە دەترازێن و دێنە دەرەوە بۆ ئەوەی بمرن نەک ژیانێکی دەستکردیان بۆ دابین بکرێت و بە زۆر هەناسەیان پێ بدرێت، وەک (میرائیل) دەڵێت (کەشتیی فریشتەکان) بۆ ئەوان لە درۆیەکی گەورەتر زیاتر هیچیترنییە، چونکە ژیانی ئەوان لەگەڵ مرۆڤەکاندایە و بەبێ ئەوان وکاتێک لە خاوەنەکانیان دەترازێن چیدی فریشتە نین، بەڵام (بولبولیار) ئەم بۆچوونەی پێ قبوڵ نییە، بەڵکو پێی وایە فریشتەکان چ لە ناوەوەی مرۆڤن، یان لە دەرەوە پێویستە بژین.

شایانی باسە بە زیاتر ڕۆچوونمان بەنێو ڕەوتی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەدا چەندین نموونەی تری گفتوگۆمان بەرچاو دەکەوێت، لەوانەش شەوێک دکتۆر (شوکاک) بە مەستی لە یانەی پزیشکیانەوە بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە، بەڵام لەلایەن چەند کەسێکەوە دەرفێنرێت. هەروەک گرتنی جاری یەکەمی هیچ شتێک سەبارە بە هۆی ڕفاندنەکەی نازانێت. گێڕەرەوە لەڕێگەی گفتوگۆیەکی دووروودرێژەوە، کە لەنێوان (دکتۆر شوکاک ) و سێ کەسیتردا، کە ئاماژەی بە ناوەکانیان نەکردووە تەنها بە کەسی دەستەڕاست، یان دەستەچەپ، یاخود مامۆستا ناوی بردوون، هۆکاری دەستگیرکردنەکەی بۆ وەرگر ئاشکرا دەکات، هەروەکو دەڵێت:

**((دکتۆر ئەمجارەش وەک گرتنی یەکەم جاری هیچ شتێک لە هۆی ڕفاندنەکەی تێنەگەیشت، دوای زیاد لە دوو سەعات دەرگاکە کرایەوە، سێ پیاوی زەبەلاح و بەقەد و قەوارە هاتنە ژوورەوە، پیاوێکی ڕەهەندە و چوارشانە لە ناوەڕاستیاندا دەرۆیشت، چاویلکە لە چاوێکی سوورو سپی و برۆ زەرد و ڕیش سوور بوو، کەسی دەستەڕاست ڕووی دەمی کردە ڕیش سوورەکە و گووتی: جەنابی مامۆستا ئەمە خۆیەتی، دکتۆر مستەفا شوکاک. دوێنێ شەوکاتێک هێنامان مەست بوو، ئێستا لە خوا بەزیاد بێت شوکر وەزعی باشە.**

**ڕیش سوورەکە وەک لابەلا پرسیار بکات گووتی: دکتۆر جەنابیش لەوان بوویت؟... لەوانەی بە ئیستیلاح خۆتان ناوناوە مەلەکبین؟ دکتۆر سەری بەرز کردەوە و نەیزانی چی بڵێت،**

**دوانەکەی ڕاست و چەپ کەسی ناوەڕاستیان هەر بە مامۆستا بانگ دەکرد، ئەو گووتی: برای بەڕێزم. ئاخر ئەگەر عەقڵتان بووایە دەتانزانی خوای تەبارەک وە تەعالا نیعمەتی بینینی مەلەکی بەس بە کەسانەی ئیماندار بەخشیوە. پێم ناڵێیت عارەقخۆرێکی وەک تۆکە خوا بە گوناه لێم نەگرێت دەڵێن ژنەکەشت کابرایەکی تر هەڵگرتووە، ئەم فەزڵ و ئیمتیازەت لە کوێ هێنا ببیتە مەلەکبین.**

**دکتۆر بە توندی چاوی گلۆفی و چاویکردەوە، سەیری لە قسەکانی کابرا هات، گووتی: ئەها تۆ منت لەبەر ئەوە فڕاندوە، چونکە مەلەک دەبینم. یانی مەلەک بینین شتێکی ئەوەندە خۆشە؟ هەر ئێستا وەرەقەیەکم بۆ بهێنە بۆت ئیمزا دەکەم ئیتر نامەوێت هیچ مەلەکێک ببینم.**

**ئەو دەستێکی بە ڕیشە سوورە درێژەکەیدا هێنا و سەیرێکی دوانەکەی هاوڕێیکرد و گووتی: دکتۆر شکاک، برای عەزیزم، دوو شتمان لە تۆ دەوێت، یەکەم ئەم فیتنە ترسناکەی پەیدابووە و خۆیان ناوناوە مەلەکبین بنبڕبکەین.... خاڵی دووەم ئەوەیە پێمان بڵێیت هۆشەنگی بلبولیار لەکوێیە، بۆیە کوڕی خۆم ڕۆیشتنی تۆ بە دەست ئێمە نییە، تۆ بە فەرمانی جەماعەت لێرەیت.**

**مستەفا شوکاک لەویادا تەواو شپرزەت بوو، بە بێزاریەوە پرسی: جەماعەت چییە؟ یەکێک لە دوانەکە وەڵامی دایەوە: دوژمنانی شەیتان.))**(عەلی: ب٢: ٢٣٢بۆ ٢٣٤) . لەڕاستیدا، گێڕەرەوە لەڕێگەی ئەم گفتوگۆیەوە، کە بەرستەی کورت و درێژ دەربڕاون دەرفەتی داوە بە کەسایەتییەکان بۆ ئەوەی لە زاری خۆیانەوە هۆکاری ڕفاندنەکەی (شوکاک) بە وەرگر بگەیەنن. واتە لە ڕێگەی ئەم گفتوگۆیەوە وەرگر ئەو زانیارییەی پێ دەگات ئەوکەسانەی، کە دکتۆریان ڕفاندووە کەسانێکن بە ناوی دوژمنانی شەیتانەوە، کە دژی مەلەکبینەکانن، هەر بۆیە داوای لێدەکەن تۆبە بکات و شوێنی (بولبولیار)یذیان پێ بڵێت.  جگە لەمەش گفتوگۆکە گەرموگوڕییەکی زیاتری بەخشیوە بە گێڕانەوەکە، چونکە گفتوگۆیەکی  پڕ لە جووڵە بووە، نەک کەسایەتییەکان سارد و وشک لەبەرانبەر یەک دانیشتبوون قسە بکەون، بەڵکو لە ڕێی دەربڕینەکانی دەستی بە ڕیشیدا دەهێنا، یاخود بە شپرزەییەوە دەیوت، یان چاوی گلۆفی... لەڕاستیدا ئەم دیمەنانە وایان کردووە، کە وەرگر هەستبکات سەیری شانۆیەک دەکات، نەوەک تێکستێک دەخوێنێتەوە.

جا بۆئەوەی بۆئەوەی هەمەڕەنگیی بە شێواز و جۆری گفتوگۆ ناڕاستەوخۆکان ببەخشێت، گێڕەرەوە لەم گێڕانەوەیەدا نموونەیەکی تری لەم جۆرەی خستۆتەڕوو، کە لەنێوان سێ کەسایەتیدایە. پاش ئەوەی دەنگۆی ئەوە لەشاردا بڵاودەبێتەوە، کە شەیتان لە هەیئەت و شکڵ و

شێوەی مرۆڤدا دەرکەوتووە، ئەمەش ترس دەخاتە دڵی خەڵکەوە، هەربۆیە پارێزگاری ئەو کاتی شار، کە کابرایەکی عەرەبە بە ناوی (هادی خوزاعی) بۆ ئەوەی ئەم ترسە پشێوی دروست نەکات هەڕەشەی ئەوە دەکات هەر کەسێک بانگەشەی بوونی شەیتان بکات ئەوا سزا دەدرێت و تەنانەت ئەگەر شەیتان بێتە ژێر جبەکانیشتان دەبێت بڵێن ئەوانە فریشتە و حەزرەتی ئیبراهیمە. ئەمەش دەبێتە مایەلی تووڕەبوونی هەندێک لە مەلاکان، هەر بۆیە لە شەوێکدا کۆبوونەوەیەکی چوار قۆڵی ئەنجام دەدەن و بڕیار دەدەن ئەو جەمعیەتە دابمەزرێنن، کۆبوونەوەکەش لە نێوان (مەهدی دەریایی، مەلا ناجی سەڵتەپۆش، مەلا ئەسعەد و مەلا مونزیر)یە. هەر وەکو گێڕەرەوە دەڵێت:

**((هەر ئەو شەوە کۆبوونەوەیەکی چوار قۆڵی ترسناک ڕویدا. مەلا مونزیر گووتی: وای ئەوە چ ئیمانێکە لەبەر کابرای خوزاعی خودا لە بیربکەین و بە ئیبلیسی مەلعون بڵێین حەزرەتی ئیبراهیم.**

**مەلا ئەسعەد کە تەنیا مەلەکبینی ناو مەعشەری مەلاکان بوو، گووتی: تەنیا ئیماندارێک شەیتانی لە هەیئەتی کامیل و موکەمەلیدا بینیبێت منم. وای ئەگەر ئیبلیستان وەک من بدیایە، تا ماون لە خەوفی خوا غافڵ نەدەبوون.**

**مەلا مونزیر کەیفی بەوە نەدەهات مەلا ئەسعەد بەو جۆرە شتەکەی دەگێڕایەوە و خودا نیعمەتی تێگەیشتنی بەو نەبەخشی بوو، بەڵام گووتی: ئەسعەد گیان، خودا واجبێکی گەورەی ناوەتە ئەستۆی تۆ، بتەوێت و نەتەوێت تۆ ئێستا تەنیا کەسی دەتوانی ئەو مەلعەونانە ببینیت.**

**مەلا مونزیر گووتی: من بە واجبی دەزانم شەڕی خۆمان دژی شەیتانەکان ڕابگەیەنین، بۆیە ئێوەم بانگکردوە متمانەم پێتانە، بۆیە مەهدیشم بانگکرد دەمەوێت بە ڕاستی خۆی پاکبکاتەوە.**

**مەلا ناجی سەڵتەپۆش ئەو ڕۆژە بە قاتێکی نیلی گەلەک جوانەوە دانیشتبوو، گووتی: مامۆستا مەلا مونزیر، تەکبیرتان بە چییە، ئێوە چی بفەرموون من لە قسەتاندام.**

**مەلا مونزیر لە ژێر برۆ زەردە ئەستوورەکانییەوە، سەیرێکی هەرسێکیانی کرد و گووتی: من چیم بە قوربان بەس خودای تەبارەک وەتەعالا ئەمر دەکات، دەبێت هەر ئەمشەو جەمعییەتی دوژمنانی شەیتان دابمەزرێنین و بە وریاییەوە ئیشبکەین، دەبێت ئەو ئیماندارانە بدۆزینەوە کە خودا ڕەحمی پێکردوون و ئەو هێزەی پێداون شەیتان ببینن))**[عەلی: ٢٠٢٤ب٢: ٤٧٩_٤٨٠]. وەک دەبینین، گێڕەرەوە لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەم گفتوگۆیەوە، جگە لەوەی گێڕانەوەکەی لە وشکی پاراستووە، ڕێگەی بە کەسایەتییەکان داوە خۆیان بدوێن و زانیارییەکان بە وەرگر بگەیەنن. لەم ڕێگەیەشەوە ئیدی وەرگر دەزانێت ئەندامانی جەمعیەتی شەیتان کێن؟ و ئامانج لە دامەزراندنیشیان ئەوە بووە ئەوانەی، کە بانگەشە دەکەن، کە مەلەک بینن، یاخود ئەو کەسانەی کە دەڵێن ئێمە فریشتەین لەناویان ببەن، هەروەها (مەلا ئەسعەد) تەنها کەسی جەمعییەتەکەیە، کە توانای بینینی فریشتەکانی هەبووە، هەر بۆیە دەیانەوێت ئەو کەسانەش، کە ئەم توانایان هەیە بیاندۆزنەوە و بیهێننە ناو جەمعییەتەکەوە.

## – بەرجەستەبوونی گفتوگۆی بێدەنگ لە ڕۆمانەکەدا:

**بەرجەستەبوونی شێوازی یەکەم:** هەندێ جار نووسەر یان گێڕەرەوە لەڕێگەی چەند وشەیەکی وەکو ((بێدەنگ و حەپەساو ئاماژە بە بێدەنگی کەسایەتییەکان دەکات لە کاتی گفتوگۆدا.))[عبدالسلام، ١٩٩٩: ٥٢]. لەوچوارچێوەیەشدا گێڕەرەوە لە دووتوێی ڕۆمانەکەدا، چەندین نموونەی لەم جۆرەی خستۆتەڕوو، کە بە هۆی وشەکانی (بێدەنگ، یان حەپەسانەوە )دروست بووە، بۆ نموونە: ڕۆژێک (لیڤیانت) ستایش و پیاهەڵدانی (جەنگیز) دەکات بۆ کارێکی گرنگ، کە ئەنجامی داوە، بەڵام (جەنگیز) لەبەرانبەردا بەبێدەنگی سوپاسی ئەو ستایشەی لیڤیانت دەکات. تەنانەت بێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێت تەنها زەردەخەنەیەکی ساردی بۆ دەکات، وەکو خۆی دەڵێت: **((ئەو ڕۆژە بە زەردەخەنەیەکی ساردەوە بە نیگایەکەوە کە هەستێکی تایبەت و مانایەکی ئەوتۆی بۆ لیڤێند نەدەگواستەوە وەک یەکێک سوپاسێکی بێدەنگی ستایشێکی هەم بەد و هەم شەڕانی بکات سەیرم کرد و هیچم نەگوت.))**[عەلی:٢٠٢٤ب١: ٢٧] **(جەنگیز)**لەڕێگەی دەستەواژەکانی **سوپاسێکی بێ دەنگ** و **هیچم نەگوت** ئاماژە بەبێ دەنگی خۆی دەکات، کەهیچ وەڵامێکی ستایشەکەی (لیڤیانت)ی نەداوەتەوە.

هەروەها لەم کۆپلەیەشدا لە ڕێگەی وشەکانی**(بەجۆرێکی ترسناک بێدەنگبوو ، هیچی نەدەگوت)**دەردەکەوێت، کە جارێکی تر بێدەنگی کەوتۆتە نێوان گفتوگۆکانەوە، هەروەکو گێڕەرەوە دەڵێت:**((لیڤیانت بە جۆرێکی ترسناک بێدەنگ بوو، لەو ساتەوەی کەوتبووینە ڕێ هیچی نەدەگوت، جگە لە هەنگاوە گەورەکانی کە بە جۆرێکی سامناک شەوی دەتەراند و زوڵمەتی لە دەوری خۆی دەردەکرد،هەستم کرد کەسێکە دەتوانێت بە بێدەنگی حوکمی ئێمەبکات، ئێمە حەوت پیاو بووین وەک کۆیلە دوای کەوتبووین هیچ ئیشێکی دیکەمان نەبوو جگە لەوەی بزانین ئەو چی دەکات.))**[عەلی:٢٠٢٤ب١: ٩١] بەم جۆرە وەرگر ئەوەی بۆ ئاشکرا دەبێت، کە (لیڤیانت) بەو بێدەنگی و هیچ نەگوتنەی ویستوویەتی حوکم بە سەر ئەوانی تردا بکات و شوێن پێی ئەو هەڵبگرن، چونکە ئەو بۆ هەر شوێنێک بڕوات ئەوان دوای دەکەوتن، وەک ئەوەی بڵێت من بەبێ ئەوەی قسە بکەم و بەبێ ئەوە هیچ شتێک بڵێم ئێوەم کردووە بە کۆیلە و ئەوەتا دوام کەوتوون. لەڕاستیشدا، ئەمەش خۆبەگەورە زانینی (لیڤیانت) دەردەخات، کە هەمیشە ئەوانی تری وەکو کۆیلەی خۆی سەیرکردووە، کە ئەبێت هەمیشە ئەم لە پێشەوە بێت و ئەوان دوای بکەون.

هەر لەو چوارچێوەیەدا و سەبارەت بە (لیڤیانت) گێڕەرەوە نموونەیەکی تری دروست بوونی بێدەنگی لە گفتوگۆدا دەخاتەڕوو، ئەویش بەهۆی وشەی (حەپەسان)ەوەیە، کە لە کاتێکدا نوێنەری (سەرۆک) دێت بۆ لای (لیڤیانت)و پێی ڕادەگەیانێت دەبێت (نزار) لە زیندانی (پسمامان)ەوە بگوازرێتەوە بۆ زیندانێک لە باکوور، بەو هەواڵەش (لیڤیانت)شۆک دەبێت. لێرەدا لە ڕێگەی وشەی **(حەپەسانەوە)** گێڕەرەوە ئاماژە بەو

بێدەنگییەی (لیڤیانت) دەکات و دەڵێت: **((لیڤیانت جگە لە حەپەسان و باوڕنەکردن هیچی دی پێوە دیار نەبوو. دوای بردنی نزار لیڤیانت تا سێ ڕۆژ لە ژوورەکەی خۆی نەهاتە دەرەوە، کاتێکیش هاتە دەر نەخۆش و تادار بوو. بۆ شەو لیڤیانت ونبوو، ئێوارەیەکی زۆر درەنگ زیندانی پسمامانی جێهێشت و نەگەڕایەوە.))**(عەلی:٢٠٢٤ب١: ٩٩) کەواتە هەر ئەو هەواڵە بۆتە هۆی ئەوەی، کە (لیڤیانت) نەتوانێ هیچ قسەیەک بکات، وەک گێڕەرەوە دەڵێت تەنها حەپەساو بووە، چونکە هیچ کات چاوەڕوانی وەها بڕیارێک نەبووە.

لەلایەکی ترەوە بە هۆی دەستەواژەی (هیچی نەوت)ەوە بێدەنگی لەنێوان گفتوگۆیەکی (دکتۆر شوکاک)و (ماکوان)دا دروست دەبێت، ئەویش کاتێک (ماکوان) دەیەوێت دکتۆر بکوژێت دەڵێت فەرمانی کوشتنەکەت لەدەسەڵاتی مندا نییە، جەمعییەتەکەیە و باوکم ئەو داوایی لێکردووم، دکتۆریش دەڵێت تۆ هەر کارێک دەکەی لەبەر ئیمان نییە و بۆ خودای ناکەیت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە تۆ هێشتا وەک منداڵێک ملکەچی باوکتی و ناتوانیت لە قسەکانی ئەو دەربچێت، وەکو گێڕەرەوە دەڵێت دکتۆر گووتی: **((تۆ ئەگەر باوەڕیشت بە خودا بێت، ئەندامی ئەو ڕێکخراوە نیت، ئیمان و بڕوای خۆت بەرەو ئەوی نەبردویت، ملکەچی باوکێکی زاڵمی کە ناتوانیت لە ژێر فەرمان بێیتە دەر، ئەگەر بڵێت نوێژ بۆ خودا بکە لە ترسدا نوێژی بۆ دەکەیت کاتێکیش من دەکوژیت هێندە بە بەهانەیەکی وا پووچ دەمکوژیت، شایەنی ئەوەش نیت مرۆڤ پێت بڵێت پیاوکوژ. تۆ بە قەد و باڵا لە گەورە دەچیت، بەڵام لە ناختدا هێشتا منداڵێکی ترسنۆکیت. سەری دانەواند و هیچی نەگووت.))**(عەلی: ٢٠٢٤ب٢: ٣٩٣_٣٩٤) کەواتە لە ڕێی دەربڕینی (هیچی نەگووتەوە) وەرگر بۆی دەردەکەوێت، کە بێدەنگی کەوتۆتە نێوان گفتوگۆکەیانەوە، چونکە (ماکوان) هیچ وەڵامێکی (دکتۆر شوکاکی) نەداوەتەوە و بەرامبەر قسەکانی بێدەنگی هەڵبژاردووە.

هەر لە درێژەی گێڕانەوەکەدا جارێکی دیکە بە هۆی وشەکانی (سەراسیمە و حەپەساوەوە) بێدەنگی دێتە ئاراوە. ئەویش (جەنگیز) لە زیندانی (بورج) کاتێک دەخرێتە (مەخزەن)ەوە شوێنی هەڤاڵە لە یادکراوەکان، ئەو ماوەیەی، کە لەوێ دەبێت نە هیچ ڕووناکییەک دەبینێت و نە هیچ کەسێک دێت و دەرگاکە بکاتەوە، بەڵام پاش ماوەیەک و بۆ یەکەم جار کاتێک دەرگاکە دەکرێتەوە و فریشتەیەک دێتە ژوورەوە (جەنگیز) شۆک دەبێت و دەحەپەسێت و هیچ قسەیەکی بۆ ناکرێت، وەکو خۆی دەڵێت:**((ئەوە یەکەم جار بوو لەو کاتەوەی لە گەنجینەی هەڤاڵە لەیادکراوەکان دیلبووم، دەرگاکە بکرێتەوە. هەر هاتە ژوورەوە بۆ یەکەم جار ڕووناکی لەگەڵ خۆیدا هێنا، ئەوە یەکەمین تیشک بوو لەو کاتە وەی گیرابووم ببینم. بەڵام ئەوەی دەموودەست سەرنجی ڕاکێشام تیشکەکان نەبوون، بەڵکو خۆی بوو. سەراسیمە و حەپەساو ماوەیەکی درێژ سەیرم کرد و هیچم بۆ نەگووترا... هیچ... فریشتەیەکی باڵ درێژ فریشتەیەک هەر کەس دەیتوانی دەموودەست بیناسێتەوە ،هەمان جلەکانی میرزای لەبەردا بوو، میرزا ئیحسان.))**(عەلی: ٢٠٢٤ب٢: ٥٠٣). لێرەدا وەرگر بەهۆی وشەکانی (سەراسیمە، حەپەساو، هیچم بۆ نەگووترا) دەزانێت بێدەنگی لەوێدا دروست بووە، چونکە (جەنگیز) چاوەڕێی نەکردووە، کە هیچ کاتێک دەرگاکە بکرێتەوە و کەسێک بێتە ژوورەوە، بەڵام ئێستا فریشتەکەی (میرزا ئیحسان) دەرگاوانی مەخزەن بەو باڵە درێژانەوە دەبینێت شۆک دەبێت و بۆماوەیەکی درێژ هیچی بۆ ناوترێت.

هەر لەو چوارچێوەیەدا و دروستبوونی بێدەنگی بە هۆی دەستەواژەی (هیچی نەوت)ەوە، نموونەیەکی دیکەمان بەرچاو دەکەوێت، ئەویش لە گفتوگۆیەکی نێوان (مەهدائیلی فریشتە) و (جەمعییەتی عولەما)دا، (مەهدائیل) وەک گێڕەرەوەی ئەم گفتوگۆیە دەڵێت: **((من دەستم بەرز کردەوە و گووتم: مامۆستایانی بەڕێز، سڵاو، سڵاوی زۆرم، من مەهدائیلی فریشتەم. هەر وام گووت، بێدەنگییەکی قووڵ و کپییەکی سەرتاسەری باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا.))**(عەلی: ٢٠٢٤ب٢: ٤٤٣). وەک دەبینین، وەرگر لە ڕێگەی ئاماژەکانی (بێدەنگییەکی قووڵ و کپییەوە) بۆی دەردەکەوێت، کە بێدەنگی لەوێدا دروست بووە، ئەویش بە هۆی قسەکانی (مەهدائیل)ەوە کاتێک وتویەتی من فریشتەم، هەموویان سەریان لەو قسەیە سووڕماوە و بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوون.

**بەرجەستەبوونی شێوازی دووەم:** هەر لە درێژەی پرۆسەی گێڕانەوەدا و لە ڕێگەی هەندێ دەستەواژەوە نووسەر، یان گێڕەرەوە ئاماژە بە جۆرێکیتری بێدەنگی کارەکتەرەکان دەکات. بۆنموونە ((هەندێکجار دووکەسایەتی پێکەوە قسە دەکەن، بەڵام کەسایەتییەکیان چەندقسە لەگەڵ ئەوی تر دەکات کەسایەتی دووەم بێدەنگی هەڵدەبژێرێت، بۆیە کەسایەتی یەکەم لە بری کەسایەتی دووەم خۆی جواب دەداتەوەو پاساو بۆ بێدەنگەکەی دەهێنێتەوە))(سعید،٢٠١٣: ٥٠) بە ڕۆچوون بەنێو لاپەڕەکانی ڕۆمانەکەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە، کە ئەم جۆرە بێدەنگییە بەبەراورد بە جۆرەکانی تری دروستبوونی بێدەنگی، گێڕەرەوە کەمتر خستویەتیەڕوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی بەرفراوانی و بەربڵاوی ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەوە چەند نموونەیەکمان بەرچاو دەکەوێت. بۆنموونە کاتێک فەرمان دەدرێت، کە (بولبولیار) و (حەسیب)ی هاوڕێی تیرباران بکرێن، بەڵام دواتر بە هۆی ڕووداوێکەوە بڕیار دەدرێت (بولبولیار) نەکوژرێت، بۆیە کاتێک فەرماندەکە پێی ڕادەگەیەنێت ئەمرم بۆ هاتووە ئەمشەو تۆ نەکوژم، بەڵام (بولبولیار) لەبەرانبەر ئەو هەواڵەدا بێ دەنگ ئەبێت و هیچ شتێک ناڵێت، هەر وەکو گێڕەرەوە کە (جەنگیزە)دەڵێت: **((هۆشنگی بولبولیار وەک پێشتر سارد و بێدەنگ دیار بوو بەڵام من خەندەیەکی تاریک و نهێنی و نادیارم لە ڕوخساریداب ینی بزەیەک هێندەی خەندەی گاڵتەجاڕ و بێباکی و غەم بوو خەندەی بەختەوەری نەبوو وەک ئەوەی گاڵتەی بەشتەکان بێت سەیرێکی فەرمانداری کرد و هیچی نەگوت.))**(عەلی:٢٠٢٤ب١: ٤١) وەک دەبینین، (جەنگیز) خۆی پاساو بۆ ئەو بێدەنگییەی (بولبولیار) دەهێنێتەوە و دەڵێت خۆی پێشتر هەر سارد و بێدەنگ بووە. جگە لەوەش وەک ئەوەی، کە شتەکان بە گاڵتە وەربگرێت ئەمەش وای کردووە، کە تەنها سەیرێکی فەرماندەکە بکات و هیچ قسەیەک نەکات، لەو ڕووەشەوە بەکارهێنانی دەستەواژەی **هیچی نەگوت** ئاماژەیە بۆ دروستبوونی بێدەنگی، کە هیچ وەڵامێکی نەداونەتەوە.

هەروەها لە گفتوگۆیەکی نێوان (دکتۆر شوکاک)و (ماکوان)دا، کاتێک (ماکوان) باسی ژیانی منداڵی خۆی دەکات و دەڵێت ڕقم لە باران بووە، لەو کاتەدا بێدەنگ دەبێت و گێڕەرەوەش بەم شێوەیە باسی ئەو بێدەنگییە دەکات: **((لە منداڵیمەوە لە بازاڕ بۆ شت فرۆشتن دەوەستام و لە ناکاو باران دایدەکرد، حەزم لە باران نەکردوە... هیچ شتێک لە باران ناخۆشتر نییە لەلام.**

**لە ناکاو سەری داخست و ماوەیەک بێدەنگ بوو، وەک شەرمبکات، ئێستێکی کورت چاوی لێکناو توند هەردوو دەستی نوساند بەخۆیەوە، پاش بێدەنگییەکی درێژ، وەک چاوەڕوان بێت دکتۆر کۆمەک یان کارئاسانییەکی بۆ بکات بەردەوام بێت.))**(عەلی: ٢٠٢٤ب٢: ٣٢٢) لێرەدا گێڕەرەوە خۆی پاساوی بۆ بێدەنگییەکەی (ماکوان) هێناوەتەوە، کە دەڵێت ماوەیەک بێدەنگ بوو وەک شەرمبکات، کەواتە هۆکاری بێدەنگییەکەی شەرم کردنی بووە.

هەر لە چوارچێوەی دروستبوونی بێدەنگی لەنێوان گفتوگۆکاندا و پاساوهێنانەوە بۆی, گێڕەرەوە نموونەیەکی تری خستۆتەڕوو. پاش ئەوەی ڕۆژێک (مەهدی دەریایی) باوکی (ماکوان)، کە لە دۆخێکی پەرێشان و خراپدایە، دەچێت بە شوێن کوڕەکەیدا و پێدەڵێت کارێکی گرنگم پێتە. کاتێک (ماکوان) باوکی بەوحاڵەوە دەبینێت، وەک خۆی دەڵێت: **((لێم پرسی: باوکە چیتە؟**

**هیچی نەگووت، تا نەگەیشتینە جێگەی خۆمان و دانەبەزی و منی نەبردە ژوورێکی داخراو و دەرگای دانەخست و پەردەی دانەدایەوە هیچی نەدرکاند. لەوە دەترسا کەسێک گوێی لە قسەکانمان بێت، دڵنیابووم شتێکی گرنگی هەیە بۆمی باسبکات... کاتێک دڵنیا بوو لە ژوورەوە کەس نامانبیستێت بە چپەوە پێی گووتم: تۆ کوڕی منیت.))**(عەلی: ٢٠٢٤ب٢: ٣٢٢) وەرگر لەڕێگەی دەستەواژەی هیچی (نەگوتەوە) بۆی دەردەکەوێت، کە بێدەنگی لەنێوان گفتوگۆی ئەو باوک و کوڕەدا دروستبووە، چونکە کاتێک (ماکوان) لە باوکی دەپرسێ چیتە؟ ئەو هیچ وەڵامێکی ناداتەوە. (ماکوان) وەک لایەنی یەکەم پاساوی ئەوە بۆ بێدەنگی باوکی دەهێنێتەوە، کە ترساوە لەوەی کەسێک گوێی لە قسەکانیان بێت، بۆیە تا نەگەیشتوونەتە شوێنی مەبەست و دەرگاو پەنجەرەی دانەخستووە هیچ شتێکی نەدرکاندووە.

**بەرجەستەبوونی شێوازی سێیەم:** ئەنجامدانی پەیوەندی تەلەفۆنیش یەکێکی ترە لەو حاڵەتانەی((کە نووسەر لە ڕێگەیەوە گفتوگۆی بێدەنگ نێوان کەسایەتیەکان دەخاتەڕوو، کە هەندێجار گێڕەرەوە قسەی لایەنێک ئاشکرا دەکات و قسەی لایەنەکەی تر بە شاراوەیی دەهێڵێتەوە.))(عبدالسلام، ١٩٩٩: ٥٣). واتە دروستبوونی گفتوگۆی بێدەنگ بە هۆی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە، لە چەندین شوێنی گێڕانەوەکەدا بەرچاومان دەکەوێت. بۆ نموونە یەکێک لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان لە نێوان (جەنگیز) و (واعیز)دا یە، ئەویش کاتێک (جەنگیز) هەست بەمەترسی دەکات لەسەر جەمعییەتەکەیان، کە ناوی(جەمعییەتی ژیانە ونەکان)ە، بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندی بە (واعیزی پیر)ەوە دەکات، هەروەکو دەڵێت: **((بەر لە هەر شتێک گەڕامەوە بۆ ژوورەکەی خۆم، لە قاتی دووهەمی دەزگای گشتی کاروباری ئەمنیەت. سیمکارتێکی نهێنی و تایبەتم هەبوو، چوومە تەوالێتەکان، مۆبایلەکەم دەرهێنا و سیمکەرتەکەم گۆڕی و تەلەفۆنم بۆ (واعیزی پیر)، کرد بە دەنگێکی کز و نووسا و پێم گووت: وەعیز گوێم لێبگرە. هەموو کۆبوونەوەکانی جەمعیەت ڕابگرە... هەمووی... خۆشت ئاگاداربە، هەستێکی خراپم هەیە... تێم دەگەیت هەستێکی زۆر خراپم هەیە وا تێدەگەم بە دوامانەوە....، پێم لە واعیز داگرت کارێکبکات جەمعیەت بۆ ماوەیەک کارەکانی خۆی بوەستێنێت، پێشم گووت، لە دەزگاوە بە دزییەوە تەلەفۆنت بۆ دەکەم، و نابێت هیچ کەس، هیچ شتێک بزانێت.))**(عەلی: ٢٠٢٤ب١: ١٨٦) لەمیانەی ئەم گفتوگۆ تەلەفۆنییەدا گێڕەرەوە تەنها قسەکانی لایەنی یەکەم، کە (جەنگیز)ە بۆ وەرگر ئاشکرا دەکات و هیچ نیشانەیەک، یان ئاماژەیەک بۆ قسەکانی لایەنی دووەم، کە واعیزە دانانێت و بەشاراوەیی دەیهێڵێتەوە. ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی بێدەنگی لە گفتوگۆکەدا، بەڵام لە ڕێگەی قسەکانی (جەنگیز)ەوە وەرگر لەوە تێدەگات، کە لە جەمعییەتەکەدا بە نهێنییەوە کاردەکەن، هەر بۆیە پێی دەڵێت، کە هەموو کاروبارەکان ڕابگرێت، جگەلەوەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەم پەیوەندییە تەلەفۆنییە پەیوەندییەکی زۆر تایبەت و نهێنی بووە، چونکە (جەنگیز) لە ڕێگەی سیمکارتێکی نهێنی و لە تەوالێتی دەزگاوە بە دەنگێکی زۆر کز و لەسەر خۆ قسەی لەگەڵ (واعیز)دا کردووە. هەر لە درێژەی گێڕانەوەکەدا، گێڕەرەوە پەیوەندییەکی تری تەلەفۆنی لە نێوان ئەم دوو کەسایەتیدا خستۆتەڕوو، بەڵام لەم کۆپلەیەدا قسەکانی لایەنی دووەم، کە (واعیز)ە بۆ وەرگر ئاشکرا دەکات، هەروەک (جەنگیز) دەڵێت: **((سەعات دوازەی شەو، خەریک بوو چاوم دەچووە خەو زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا، وەعیز خۆی لەو سەری خەتەوە بە دەنگە پیر و نووساوەکەی پێی گووتم: جەنابی لیوا چیرۆکنوس سەعید یۆنانیان کوشتووە، بەر لە ئێوارە ڕفاندوویانە و دوو سەعات لە مەوبەر مەیتەکەیان لە نزیک بینای بەلەدییەی کۆن فڕێداوە... کوڕەکەی تەلەفۆنی بۆکردم و دەگریا دەیویست بزانێ کێ باوکی کوشتووە. وشەکانی واعیزی پیر لەسەرمدا، وەک دەنگی تەقینەوەیەک لە بن گومەزێکی بەرز وخاڵیدا، دەنگیاندایەوە. من بێئەوەی هیچ بڵێم حەپەساو تەلەفۆنەکەم دانایەوە و لە تاریکیدا دەستم کرد بە گریان.))**(عەلی:٢٠٢٤ب١: ٢٢٧_ ٢٢٨). وەک دەبینین، گێڕەرەوە تەنها قسەکانی (واعیز)ی گواستۆتەوە، ئەویش هەواڵی مردنی یەکێک لە چیرۆکنووسانی جەمعییەتەکەیانە بەناوی (سەعید یۆنان)، کە ڕفێنراوەو دواتر مەیتەکەی دۆزراوەتەوە. هەروەها دەڵێت کوڕەکەی (سەعید یۆنان) تەلەفۆنی بۆ کردووەو هەواڵی کوشتنی باوکی پێداوە، چونکە ویستوویەتی بزانێت بۆ کوژراوە؟ واتە (واعیز)یش لەڕێگەی کوڕەکەیەوە هەواڵەکەی زانیوە, بەڵام (جەنگیز) بە بیستنی هەواڵەکە دەحەپەسێت و ناتوانێت قسەبکاو بەبێدەنگی تەلەفۆنەکە دادەخاتەوە. لەڕاستیدا لەڕێگەی دەستەواژەکانی (بێئەوەی هیچ بڵێم ، حەپەسام) بۆمان دەردەکەوێت، کە (جەنگیز) هیچ قسەیەکی نەکردووە، بەو هۆیەشەوە بێدەنگی لە گفتوگۆ تەلەفۆنێکەیاندا دروستبووە.

هەر لەدرێژەی ئەو گفتوگۆ بێدەنگانەی، کە بە هۆی ئەنجامدانی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە دروستبوو نمونەیەکی ترمان پێش چاو دەکەوێت. پاش ئەوەی (ئەنوەر پۆخان) سەرنووسەری (گۆڤاری بوهاران) دەچێتە لای (پرۆفیسۆر شالیار)و لێی دەپرسێت نامەکەی (جەنگیز)

بڵاوبکەمەوە، یاخود نا؟ ئەویش پێی دەڵێت شتی وامەکە خۆمان چارەسەری دەکەین، دواتر خۆیان هەواڵێک لەسەر (جەنگیز) دەنووسن و دەینێرن تابڵاوی بکاتەوە، کە بە زیرەکی دەستکرد هەندێک وێنەی نوێی (جەنگیز) لەگەڵ (پۆخان) دروستکراوە، کە هیچ کەس گومان لە ڕاستی هەواڵەکە ناکات، ئەمەش وادەکات (پۆخان) بترسێت و شەو خەوی لێ نەکەوێت، بۆیە بەخێرایی پەیوەندیی بە (شالیار)ەوە دەکات، بەڵام ئەو ژمارەیەکی تری پێدەدات: **((بەخێرایی و دەستێکی لەرزۆکەوە تەلەفۆنی بۆ ئەو ژمارەیەی تر کرد، لەوسەرەوە دەنگێکی باریک هاتە سەر خەت. دەنگەکەی ناسییەوە زەندیان بوو، وەک یەکێکی ئاسوودە بە پێکەنین و ئارامییەوە گووتی: من ئیشم ئەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە, کە خەو لە چاوی هەڤاڵانی حیزب دەتارێنێت... وەڵامی تۆ ئەوەیە ئێمە حیزبێکی کوردین لە کۆمەڵگەیەکی عەشایەردا، دڵسۆزی و وەلا لەهەر شت لامان بەنرخترە. نامانەوێت ئەو هەڤاڵانەی مێژوویەکی پڕ شکۆیان لە حیزبدا هەبووە ڕابردوویان بشێوێت، دەبێت هەمیشە بەجوانی و پاکی و دڵسۆزی خۆیان بمێننەوە. ئەوە ڕێنمایی سەرۆکە بەشێکە لە کولتووری عەشایەری نەتەوەکەمان، وەفا و وەلا، دوو شت دەبێت بیانپارێزین. پۆخان هەر تەلەفۆنەکەی دانایەوە ترسێکی گەورە دایگرت، ترسێکی کوشندە))**(عەلی: ٢٠٢٤ب٢: ٣٠٥) گێڕەرەوە تەنها قسەکانی لایەنی دووەم، کە (دکتۆر زەندیان)ە گواستویەتییەوە بۆ وەرگر، کە باسی لەوە کردووە بۆیە خۆیان ئەو هەواڵ و وێنانەیان دروست کردووە بۆ ئەوەی ئەو ڕابردووەی (جەنگیز) هەیبووە وەک خۆی بەجوانی بمێنێتەوە. هەروەها گێڕەرەوە هیچ قسەیەکی (پۆخان)ی باس نەکردووە، تەنها ئاماژەی بەوە کردووە، کە تەلەفۆنەکەی داخستۆتەوە ترسێکی گەورە دایگرتووە بە هۆی قسەکانی (زەندیان)ەوە. بەم هۆیەشەوە بێدەنگی دروستبووە.

**بەرجەستەبوونی شێوازی چوارەم:** جۆرێکی دیکەی گفتوگۆی بێدەنگ، پێی دەوترێت گفتوگۆی ناتەواو، ئەمیش کاتێک دروست دەبێت، کە کارەکتەرێک قسە دەکات، لایەنی بەرامبەر لەبەر هەر هۆیەک بێت قسەکەی پێ دەبڕێت و ناهێڵێت قسەکەی تەواو بکات((بۆ نموونە لەوانەیە لایەنی دووەم پێشوەخت مەبەستی لایەنی یەکەم بزانێت بۆیە بە پێویستی نازانێت قسەکانی تەواو بکات، یان قسەکە لەبەر شەرم و دوودڵی قسەکە بە خۆی دەبڕێت و تەواوی ناکات، بەمەش جۆرێک لە بێدەنگی دروست دەبێت ،کە دەکرێت بە نیمچە بێدەنگی یان بێدەنگی ناتەواو ناوی ببەین))(مەحمود و سەعید: ٢٠١٣: ٧٣) .

بێگومان بە خوێندنەوەی وردمان بەنێو لاپەڕەکانی ڕۆمانەکەدا بۆمان دەردەکەوێت، بە هۆی بەرفراوانی ڕۆمانەکەوە، گێڕەرەوە بە شێوەیەکی هونەرمەندانە توانیویەتی ئەم جۆرەش لە دروستبوونی بێدەنگی لە گفتوگۆدا پەیڕەو بکات. نموونەی ئەم جۆرە لە گفتوگۆیەکی نێوان (جەنگیز) و (سەعید یۆنان)دا بەدی دەکەین، ئەویش کاتێک جەنگیز و سەعید یۆنان سەبارەت بە شۆڕش گفتوگۆ دەکەن. لە کاتێکدا (سەعید یونان) دەڵێت شۆڕش شتێکی مەحاڵە، بەڵام (جەنگیز) لەوکاتەدا تووڕە دەبێت و بە پەشۆکانەوە دەڵێت:**((لە حاڵەتێکدا کە هەستم بە پەشۆکان و تووڕەیەکی گەورە دەکرد گووتم شۆڕش مەحاڵ نییە، شۆڕش شەڕە، شەڕە و هیچی تر ... شەڕێکە و دەبێت ببڕێتەوە، دەبێت هەموو شتێک بکەین بۆ ئەوەی تێیدا سەر بکەوین ... ئەگەر یەکێک...))**(عەلی:٢٠٢٤ب١: ٨٧) لێرەدا (سەعید یۆنان) ناهێڵێت قسەکانی تەواوبکات و پێی دەبڕێت، هەر وەکو (جەنگیز) دەڵێت:**((سەعید یۆنان قسەکانی بە دەنگی بەرز پێ بڕیم و گووتی: نا... نا شۆرش مەحاڵە... شۆڕش، بریتییە لە گۆڕینی دونیا، بریتییە لە گۆڕینی مرۆڤ... ئەوەش مەحاڵە...))**(عەلی:٢٠٢٤ب١: ٨٧) لێرەدا قسەکانی (جەنگیز) بە ناتەواوی ماوەتەوە، چونکە (سەعید یۆنان) قسەکانی پێ بڕیوەو نەیهێشتووە تەواوی بکات، لەبەرئەوەی لەگەڵ بۆچوونەکەیدا نەبووەو بە پێویستی نەزانیووە هەموو قسەکانی بکات.

لە درێژەی گێڕانەوەکەدا، گێڕەرەوە نموونەیەکی تری لەم جۆرە گفتوگۆیەی خستۆتەڕوو، کە لەنێوان (هۆشەنگی بولبولیار)و (ڕێزانی مەلەکبین)دایە. کاتێک (بولبولیار) بۆ یەکەم جار دەچێتە (کەشتیی فریشتەکان)و دەیەوێت لەوێ بمێنێتەوە خزمەتی فریشتە نەخۆشەکان بکات، بەڵام (ڕێزان خان) کەسانێک ڕادەسپێرێت بۆئەوەی زانیاری سەبارەت بە (بولبولیار) بۆ بهێنن، دوای ئەوەی دەزانێت کەسێکی مارکسییە سەرسام دەبێت، کە مەرکسیستێکی وەک ئەو دەتوانێت فریشتەکان ببینێت! وەک گێڕەرەوە دەڵێت خانمی مەلەکبین وتی: **((کاک هۆشەنگی بولبولیار بەخێربێیت بۆ کەشتییە بەدبەخت و دوور لە دەریاکەمان. عەجەب مارکسییەکی وەک تۆ فریشتەکان دەبینێت، من ئەم بەیانییە خەڵکێکم ڕاسپارد بزانم تۆ کێیت، ئەوەی دەستم کەوت بەو جۆرەیە.))**(عەلی: ٢٠٢٤ب١: ٤٣٨) لێرەدا (بولبولیار) قسەکان بە (خانمی مەلەکبین) دەبڕێت و دەڵێت: **((خانم دەتوانم بەوردی باسی مارکسیبوونی خۆمت بۆ بکەم... مەسەلەکە بەم جۆرەیە...))**(عەلی: ٢٠٢٤ب١: ٤٣٩) ئەم جارەیان (خانمی مەلەکبین) قسەکان بە (بولبولیار) دەبڕێت و ناهێڵێت مەسەلەکەی بۆ باسبکات: **((خانم دەستی بەرزکردەوەو گووتی ئەها برای عەزیزم، غرور بخەرە ئەولاوە، کاتێک ژنێک قسەی کرد ئسوڵ وەهایە وازی لێبهێنیت تا کۆتایی قسەکانی تەواوبکات، وانییە؟ ئسوڵ وەها نییە؟))**(عەلی: ٢٠٢٤ب١: ٤٣٩) لێرەشدا دووجار ناتەواویی کەوتۆتە نێوان قسەکانی کەسایەتییەکانەوە، چونکە لە جاری یەکەمدا (بولبولیار) نەیهێشتووە (خانمی مەلەکبین) قسەکانی تەواو بکات و لەڕێگەی دانانی چەند خاڵێکەوە (...) لەکۆتایی قسەکانیدا وەرگر بۆی دەردەکەوێت، کە خانم قسەکانی بە (بولبولیار) بڕیوە ئەویش لەڕێگەی ئاماژەیەکەوە، کە خانم بەدەست ئاماژەی بۆ کردووە مەسەلەکەی بۆ باس نەکات، تا ئەم قسەکانی تەواودەکات! کەواتە (خانمی مەلەکبین) بە پێویستی نەزانیوە (بولبولیار) لەوکاتەدا باسی ئەو مەسەلەیەی بۆ بکات، هەربۆیە قسەکانی پێ بڕیوەو مەسەلەکە بە ناتەواوی ماوەتەوە.

نموونەیەکی تری ئەم جۆرە بێدەنگییە لە گفتوگۆی نێوان (سەلام باباجان)و (سەلیم ئەسغەر)دا بەدیدەکەین، ئەویش کاتێک (سەلیم باباجان) هەست دەکات نەخۆشییەکی مەترسیدار لەناو خەڵکدا بڵاوبۆتەوە, کە هیچ شتێکیان لەبیرنامێنێت، بۆئەوەی بزانێت هۆکاری ئەم نەخۆشییە چییە؟ دەچێت بۆ لای نووسەرێک بە ناوی (سەلیم ئەسغەر)، بەڵام ئەو پێی دەڵێت: **((شتێکی ئاساییە، خەڵکی بەرەو ئاسوودەیی دەڕوانن،**

**مرۆڤ درەنگ یان زوو هەموو شتێک لەیاد دەکات. سەلام بەخێرایی پێی بڕی و گووتی: مەبەستم لەوە نییە... مەبەستم، مامۆستا بە نارەحەتییەوە پێیبڕییەوە و گووتی: دەزانم، دەزانم، باس لەوە نییە. بەڵکو لەوەیە، نەخۆشییەکی سامناک هەیە، نەخۆشییەکە تۆ هەستت پێکردوە یان ڕاستتر بڵێم ئەمرۆ هەستت پێکردووە.))**(عەلی: ٢٠٢٤ب٢: ١٤٥_١٤٦) لێرەدا دووجار ناتەواویی کەوتۆتە نێوان قسەکانیانەوە، سەرەتا (سەلام) قسەکانی بە (سەلیم ئەسغەر) بڕیوە و ویستوویەتی مەبەستەکەی بڵێت، بەڵام ئەمجارەیان (سەلیم)نەیهێشتووە ئەو قسەکانی تەواو بکات و پێی بڕیوە، چونکە دەیزانی مەبەستی چییەو خۆی درێژەی بە بابەتەکە داوەو قسەکانی تەواوکردووە، چونکە ئەو پێشتر درکی بەو نەخۆشییە سامناکە کردبوو، بەڵام (سەلام) ماوەیەک بوو هەستی پێکردبوو.

هەر لەو چوارچێوەیەدا نموونەیەکی تری گفتوگۆی ناتەواومان بەرچاوەدەکەوێت، کە لەنێوان (مەلا ناجی) و (مەهدائیلی فریشتە)دایە. پاش ئەوەی (مەهدی دەریایی) (مەهدائیل) دەبات بۆلای (مەلا ناجی) بۆئەوەی پیشانی بدات و پێی بڵێت ئەمە ئەو کەسەیە، کە بانگەشەی فریشتەبوون دەکات، بەڵام کاتێک (مەلا ناجی), (مەهدائیل) دەبینێت ترسی لێدەنیشێت و لە دوورەوە قسەی لەگەڵدا دەکات، مەهدائیل دەڵێت: **((مەلا ناجی گوتی: فریشتەکان دووانن لەلای ڕاست و لەلای چەپ...، پێش ئەوەی قسەکانی تەواو بکات من لەسەر کورسییەک دانیشتم و بەبێ خۆسەغڵەتکردن پاڵم دایەوەو گووتم: مامۆستا گیان گوێبگرە، ئەو قسانە بۆ من، مەهدائیلی فریشتە ڕاست نین، من ئینکاری ئەوە ناکەم خودا مەلەکی وەهای هەبێت، کردبنی بە چاودێر بەسەر مرۆڤەوە، شەو و ڕۆژ خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری و ڕاپۆرت نووسین بن لەسەر شانمان، من لەوجۆرە فریشتانە نیم, کە کاری وەها دەکەن، من جۆرە مەلەکێکی ترم، ئێمە بەشێکین لە ئێوە.))**(عەلی: ٢٠٢٤ب٢: ٤٣٩) گێڕەرەوە لەڕێگەی دانانی چەند خاڵێکەوە ئەوەی بۆ وەرگر خستۆتەڕوو، کە لەم گفتوگۆیەدا جۆرێک لە ناتەواوی دروست بووە, کە قسەکانی(مەلا ناجی) بەناتەواوی ماوەتەوە، چونکە (مەهدائیل) پێشتر لە مەبەستی (مەلا ناجی) تێگەیشتووە, زانیویەتی دەیەوێت پێی بڵێت تەنها دوو فریشتە هەن لای ڕاستوچەپی مرۆڤن و ڕۆژانە چاکەو خراپەکانی مرۆڤ دەنووسنەوە بۆیە پێی بڕیوەو بەپێویستی نەزانیوە ئەو قسانەی بۆ بکات و خۆی قسەکانی کردووە تا پێی بڵێت من لەو جۆرانە نیم، بەڵکو من جۆرە فریشتەیەکی ترم و ئێمە بەشێکین لە مرۆڤەکان.

## ئەنجام

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، لەم چەند خاڵەدا دەخەینەڕوو، کە بریتین لە:

١. گفتوگۆ (دایەلۆگ) هونەرێکی سەرەکییە لە دەقی گێڕانەوەبەندیدا، کە بەشدارییەکی کارای دەبێت لە بنیاتنانی دەقی چیرۆك و ڕۆماندا، بەم پێیەش هەڵسووڕێنەری ڕووداوەکان و ناسێنەری کارەکتەرەکانە و گێڕەرەوە دەتوانێت زۆر مەبەستی تری لەنێو دەقدا پێ ڕوون بکاتەوە.

٢. بە خوێندنەوەی وردمان بەنێو دەقی ڕۆمانەکەدا ئەومان بۆ دەردەکەوێت، کە گفتوگۆکان پانتایەکی فراوانیان لە ڕووبەری گێڕانەوەکەدا داگیرکردووە، ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی کە گێڕانەوەکە لە وشکی و برنگی دووربکەوێتەوە، چونکە گفتوگۆکان زیندویەتییەکی زیاتریان بەگێڕانەوەکە بەخشیوە.

٣. گفتوگۆ وەک چۆن لە ژیانی ڕۆژانەدا بەهایەکی گرنگی هەیە و دەبێتە ناسنامەی کەسەکان، بە هەمان شێوە لە دەقی ڕۆماندا هەمان بایەخ و گرنگی هەیە، بە هۆی قسە و دەربڕینەکانەوە ناسنامەی کەسایەتییەکان لای خوێنەر ئاشکرا دەبێت وەک ئەوەی کەسایەتییەکی (ئاینی، سیاسی، باوەڕدار یان بێ باوەڕ ....یان هەیە.

٤. هەروەها وەک چۆن گفتوگۆ لە ژیانی ڕۆژانەدا هۆکارێکە بۆ ئاشنابوون و لە یەکتر نزیکبوونەوەی کەسەکان، ڕۆماننووس سەرکەوتووانە توانیویەتی لەڕێگەی گفتوگۆوە کەسایەتییەکان لەیەکتری نزیک بکاتەوە وەک لە گفتوگۆی نێوان (نەغدە و نزار)دا دەردەکەوێت.

٥. ڕۆماننووس هەمووزانیارییەکان لەزاری خۆیەوە ناگەیەنێت، بەڵکو ڕێگەی بە کەسایەتییەکانیش داوە زانیارییەکان بە وەرگر بگەیەنن، وەک لە گفتوگۆی نێوان (مەلا مونزر و مولا ئەسعەد .....) دەردەکەوێت، کە باس لە چۆنیەتی دامەزراندنی جەمعییەتی دوژمنانی شەیتان دەکەن و ئامانج و مەبەستەکەیان خستۆتەڕوو.

٦. ڕۆماننووس (بەختیار عەلی)جگە لە هەردوو شێوازی (گفتوگۆی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ) کە دوو شێوازی باو و سەرەکین لە بنیاتنانی دەقی ڕۆماندا، جۆرێکی تری گفتوگۆی پەیڕەو کردووە ئەویش (گفتوگۆی بێ دەنگە)، کە ئەم جۆرەیان کەمتر لە لایەن توێژەرانەوە ئاوڕی لێ دراوەتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان


١. ئیبراهیم، سەمیر ئەحمەد (٢٠١٥): هونەرەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (خوسرە و جاف)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین _ هەولێر.

٢. ئەڵوەنی، نەجم (٢٠٠٩): کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلیدا، چاپخانەی موکریانی، چ١، هەولێر.

٣. جەمیل، هاوکار (٢٠٢١): گێڕانەوە لە داستان و شانۆدا (مەم و زین بەنموونە)، چاپخانەی مەم و زین، چ١، هەولێر.

٤. حاجی، سەنگەر قادر شێخ محەممەد (٢٠٠٩): بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقا سپییەکان)ی بەختیارعەلیدا، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٥. حسن، صالح، مەریوان عمر، دیمەن عبداللە(**٢٠٢٢**)، پەیوەندی گێڕانەوە بە ڕووداو و زمانەوە لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی )ی بەختێر عەلیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٤)، بەشیB .

٦. خاڵەدێوە، ڕێزان عوسمان مستەفا (٢٠١٠): بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستان سالی(١٩٨٥ _ ١٩٩٠)، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٧. ڕشید وعثمان، سۆلین حسنی، نوزت احمد (٢٠٢٣): ڕۆلێ دیالۆگا دەرەکییا نەڕاستەوخۆ د داستانا (زەمبیلفرۆش) یا (فەقێ تەیران) دا، گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ، ژمارە(٢).

٨. سالار، ئەحمەد (٢٠٠٩): کورسی و بەهادرامییەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی.

٩. سەڕاج، عەبدوللا (٢٠٠٧): بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی.

١٠. سەعید، جەلال ئەنوەر (٢٠١٣): گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردی کرمانجی خواروودا (١٩٩١-٢٠٠٣)، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

١١. سعیدی، عباس و یدالله شکری (**١٣٩٦**)**:** کارکرد عنصر گفتگو در تبیین و پرداخت عناصر داستانی و ساختار روایی داستان کوتاه "گورکن‌های صادق چوبک، پژوهشهای نقد ادبی و سبکشناسی، شمارة ٣.

١٢. عارف، حەمەکەریم (٢٠٠٧): دەرباری ڕوومان و چیرۆک، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

١٣. عەلی، بەختیار (**٢٠٢٤**): کەشتیی فریشتەکان بەرگی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، چاپی٣، سلێمانی.

١٤. عەلی، بەختیار (**٢٠٢٤**): کەشتیی فریشتەکان بەرگی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، چاپی٣، سلێمانی.

١٥. مەحمود و سەعید، فازیل مەجید(پ.ی.د)، جەلال ئەنوەر(د) (**٢٠١٣**)، گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجی خوارووادا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٤٠)، بەشی **B.**

١٦. یونسی، ابراهیم (**١٣٨٤**)**:** هنر داستان نویسی چاپ هشتم، تهران: نگاه.

١٧. عبدالسلام، فاتح، الحوار القصصي( **١٩٩٩**): تقنیاته و علاقاته السردیة / دراسات أدبیة، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، بیروت**.**

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/١٠,٢٤٢٧١/ARAN.٢٠٢٥,٠١-٠١-٢٨

## The Art of dialogue in Bakhtiar Ali's novel Ship of Angels.

**(A challenging research paper in the doctor's thesis)**

**Koyan Hazhar Ali[١], Atta Rashid Hussein[٢]**

١- Department of Kindergarten, College of Primary Education, Garmian University, Kurdistan Region - Iraq

٢- Department of Kurdish Language, College of Primary Education, Sulaimani University, Kurdistan Region – Iraq

| Article Info | |
|---|---|
| **Received:** | June, ٢٠٢٥ |
| **Accepted:** | July, ٢٠٢٥ |
| **Published:** | Agust, ٢٠٢٥ |

**Keywords**

dialogue, Direct, Indirect Silent

**Corresponding Author**

Koyan.Hazhar@garmian.edu.krd
atta.husain@univsul.edu.iq

**Abstract:**

Dialogue, as a form of communication, plays a vital role in everyday human life, supporting the survival and continuity of relationships. It is also a significant literary device, adding authenticity and a sense of reality to literary works. Dialogue plays a crucial role in the construction of narrative texts, especially in novels, where it serves as a powerful tool for character development. Through dialogue, authors reveal a character's physical appearance, psychological state, and social, political, intellectual, and religious views. This study analyzes the use and types of dialogue in Bakhtiar Ali's novel *Ship of Angels*, with the aim of identifying how different forms of dialogue contribute to character portrayal and thematic depth, this is because dialogue is one of The main and foundational columns and cores of the novel. The research findings show that the author effectively employs all three major types of dialogue—direct, indirect, and silent—to convey complex messages and elevate the literary quality of the narrative.